# ٣٠٠
# فەرموودەی زێڕین لە چەند صەحیحێکی دێرین

ئامادەکردنی :
کوردستان محمد

# پێناسەی کتێب

ناوی کتێب : ٣٠٠ فەرموودەی زێڕین

لە چەند صەحیحێکی دێرین

بابەت : فەرمووده

ئامادەکردنی : کوردستان محمد

دیزاینکردنی: چنار سالار

یاریدەدەر: مامۆستایانی قورئان بەهاری دڵانە

(نەخشین،مریم،زیلان،بێگەرد،کەنار،بەناز،سیپان،

ڕێزان،ژیان،دارین،ئەژین،میهرەبان)

**١٤٤٦ ک – ٢٠٢٥ ز**

# کورتەیەک لەسەر کتێبەکە

خۆمان بە خۆشـــحاڵ دەزانین کە پەروەردگار یارمەتی داین بۆ ئـامـادەکردنی ئەم کتێبە کە پێکهاتووە لە ( ٣٠٠ فەرموودەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) کە وەرم گرتوە لە کتێبی هەزار فەرمودەی زێرین لە چەند صـــەحیحێکی دێرین ) کە ئامادەکراوە لە لایەن (انور قادر شێخانی).وە کتێبی ئیمامی  بوخاری و صەحیحەکەی لە دانانی (شێخ عبد المحسین بن حمد العبباد البدر) وەرگێرانی بۆ کوردی لە لایەن (خدر نەژاد کوردســـتانی) هەروەها هەموو فەرموودەکان (صـــــــحیح و حســـن)ن هیچ فەرموودەی (ضعیف)ی تێدا نیە.

ئەم کتێبە زۆر بە ســـوودە بۆ ئـاشـــناکردنەوەی ئـافرەتـانی موســـڵمان بە ڕێباز و بەرنامەی خودا و لەســـەر ســـونەتی پێغەمبەری نازدارمان (ﷺ) وەکو؛( ئیمان ، نوێژ ، ڕۆژو ، زەکات ، مافی خەڵک ، الغسل ، مردن ، گۆڕستان و ...هتد)داواکارم لە خـــودای گەورە لە هەر هەڵەو کەم و کوڕیەک  بمانبورێت وە ئـامـادەکردنی ئەم کتێبەش بۆمـان بکـات بە طـاعەت و بۆمان حیساب بکات و ببێتە تێشوو بۆ قیامەتمان .... امین.

**اللَّهُـمَّ اجْعَـل عَمَـلِي كُلَّـهُ صَـالِحاً وَاجْعَلَـهُ لِوَجْهِـكَ خَالِصاً وَ لَا تَجْعَلَ لِأَحْدٍ فِيهِ شَيئاً ، اللهم آمين**

# پێشکەشە بە

هەمـــــوو ئەوانەی پێغەمبەری ئەمینیان(ﷺ)خۆشـدەوێ وە هیچ شتێک ساردیان ناکاتەوە.

هەموو ئەوانەی سوننەت سەردەخەن و بەرگری لێ دەکەن وەستاونەتەوە لە ڕووی نەیاراندا .

هەموو ئەوانەی بەرگری لە ئیسلام و موسڵمانان دەکەن.

بە دایک و باوکم و عائیلە خۆشەویستەکەم.

بە هەموو مامۆستایان و خوشکانی شیرینم کە بەردەوام لە خزمەتی فەرموودەکانی پێغەمبەری خودا دان .

بە هەموو موشریفەکانی بەهاری فەرموودە ( ئەژین ، کەنار ،بەناز ، فاطیمە ، میهرەبان ، ڕێزان).

## بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَٰنِ الرَّحِيمِ

إنَّ الْحَمْـدَ لِلهِ نَحْمَـدُهُ وَنَسْـتَعِينُهُ وَنَسْـتَغْفِرُهُ، وَنَعُـوذُ بِـاللهِ مِـنْ شُرُورِ أَنْفُسِـنَا وَمِـنْ سَـيِّئَاتِ أَعْمَالِنَـا، مَـنْ يَهْـدِهِ اللهُ فَـلاَ مُضِـلَّ لَـهُ، وَمَـنْ يُضْـلِلْ فَـلاَ هَـادِىَ لَـهُ، وَأَشْـهَدُ أَنْ لاَ إِلَـهَ إِلاَّ اللهُ وَحْـدَهُ لاَ شَرِيـكَ لَـهُ، وَأَشْـهَدُ أَنَّ مُحَمَّدًا عَبْدُهُ وَرَسُولُهُ.

{يَـا أَيُّهَـا الَّـذِينَ آمَنُـوا اتَّقُـوا اللَّهَ حَـقَّ تُقَاتِـهِ وَلَا تَمُـوتُنَّ إِلَّا وَأَنْتُمْ مُسْلِمُونَ} { آل عمران: 102}

{يَـا أَيُّهَـا النَّـاسُ اتَّقُـوا رَبَّكُـمُ الَّـذِي خَلَقَكُـمْ مِـنْ نَفْـسٍ وَاحِـدَةٍ وَخَلَـقَ مِنْهَـا زَوْجَهَـا وَبَـثَّ مِنْهُمَـا رِجَـالًا كَثِـيرًا وَنِسَـاءً وَاتَّقُـوا اللَّهَ الَّـذِي تَسَـاءَلُونَ بِـهِ وَالْأَرْحَـامَ إِنَّ اللَّهَ كَانَ عَلَيْكُمْ رَقِيبًا}{النساء.1 }

{يَاأَيُّهَـا الَّـذِينَ آمَنُـوا اتَّقُـوا اللهَ وَقُولُـوا قَـوْلاً سَـدِيدًا , يُصْلِحْ لَكُمْ أَعْمَـالَكُمْ وَيَغْفِـرْ لَكُمْ ذُنُـوبَكُمْ وَمَـنْ يُطِـعِ اللهَ وَرَسُولَهُ فَقَدْ فَازَ فَوْزًا عَظِيمًا} [ الأحزاب70.71]

أَمَّـا بَعْـدُ فَـإِنَّ خَـيْرَ الْحَـدِيثِ كِتَـابُ اللهِ، وَخَـيْرَ الْهَـدْيِ هَـدْيُ مُحَمَّـدٍ صـلى الله عليـه وآلـه وسـلم، وَشَرَّ الأُمُـورِ مُحْـدَثَاتُهَا، وَكُـلَّ مُحْدَثَـةٍ بِدْعَـةٌ، وَكُـلَّ بِدْعَةٍ ضَلاَلَةٌ، وَكُلَّ ضَلاَلَةٍ فِي النَّار.

# پێشەکی

شـــتێکی ئـاشـــکرایە کە شـــەرحکردن و رونکردنەوەی فەرموودەکانی پێغەمبەری نازدارمان ( ﷺ) کارێکی زۆر پیرۆز و ســـودبەخشـــە بۆ دونیاو بۆ قیامەتمان ، خودا بمانکاتە هاوکارو رێرەوی ئەو کاروانە پیرۆزە توفیقمان بدا بۆ لەگەڵ دا ژیان وخەریکبوون و هاوبەشـــیکردن لەو مەشـــروعەداو بۆمان بکاتە تێشـــوی قیامەتمان ئەرک و ماندوبوونمان بە طاعەت و خوداپەرستی بۆ حیسێب بکات.

بەردەوام سوپاس و ستایش خوای بالا دەست ئەکەین کە منەتی کردووە بەسەرماندا وچاکەی لەگەڵ دا کردووین ، کە شەرەفمەندی کردووین بە ئوممەتی پێغەمبەرەکەی و تاجی هەموو پێغەمبەران و خۆشـــەویســـتەکەی خۆی ( ﷺ) بەپێغەمبەر ناردووە بۆمان.

هەرئەوەندە بارانی ئایەتەکانی قورئان دابارین بەسـەر دلی پر نوری پێغەمبەر دا (ﷺ ) ئیتر ســـەر زەوی بە گوڵ و گولزار درەوشـاوە بووە مایەی گەرانەوەی مافی مرۆڤایەتی لە ژێر بەنـدایەتی رزگـاربونی کۆیلایەتی وە روحی ئیمـان خرایە بەر مرۆڤە نیوە مردووەکان.

پێویستە هەموومان لە خزمەتی فەرموودەی پێغەمبەری خوا ( ﷺ ) بین سوننەت سەر بخەین و بەرگری لێ بکەین و وە بوەستین بە ڕووی نەیارانیدا

چونکە رێبازی نزیک بوونەوە لە خودا و رەزامەندی خودا بە خۆشەویستی پێغەمبەر (ﷺ) پەیرەوکردنی سوننەتی پێغەمبەر بەدەست دێت کە خودای گەورە دەفەرموێ

(قُلْ إِن كُنتُمْ تُحِبُّونَ ٱللَّهَ فَٱتَّبِعُونِي يُحْبِبْكُمُ ٱللَّهُ وَيَغْفِرْ لَكُمْ ذُنُوبَكُمْۗ وَٱللَّهُ غَفُورٌ رَّحِيمٌ) آل عِمرَان :(٣١)

(ئەی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) بە ئیمانداران) بڵێ: ئەگەر ئێوە خواتان خۆش دەوێت دە شوێنی من بکەون و لە فەرمانی من دەرمەچن، ئەوکاتە خوایش ئێوەی خۆش دەوێت و لە گوناهو هەڵەکانیشتان خۆش دەبێت، ئەو خوایە لێخۆشبوو و میهرەبانە. (تەفسیری ئاسان).

پێغەمبەر دەفەرموێ (**تركتُ فيكم شـيئَينِ ، لن تضِـلوا بعدهما : كتابَ اللهِ،و سُنَّتي، و لن يتفرَّقا حتى يَرِدا عليَّ الحوضَ**) واتە من لە دوای خۆم دوو سـەرچاوەم بۆ ئێوە بە جێ هیشتووە هەتا پابەندیان بن سەرتان لێ ناشێوێ و گومرا نابن ئەویش قورئان و فەرموودەکانمن ئەم دوو سەرچاوە پشتگیری یەکتر دەکەن لێک جیا نابنەوە هەتا رۆژی قیامەت .

کەواتە پێویستە لەسەر هەمووومان شوێنی ئەو دوو چرا پرشەنگدارە بکەوین هەرگیز گومرا نابن و بەختەوەری دونیاو قیامەت دەبین.

پێویستە لەسەر هەمووومان بەرگری لە ئیسلام و موسوڵمانان و ناسنامەی ئوممەتی ئیسلام بکەین لە رێگای بەشداربونمان لە دەرسەکانی قورئان و فەرموودە وە خویندنەوەی قورئانی پیرۆزو فەرموودەکانی سەرووەرمان . ئەو کەسەی فەرموودەیەکی پێغەمبەر ﷺ لەبەر دەکات و لە ماناکەی تێدەگات، پاشان لە نێو خەڵک بلاّوی دەکاتەوە، پێغەمبەر( ﷺ )دەربارەی فەرموویەتی: **( نَضَّرَ اللَّهُ امْرَأً سَمِعَ مِنَّا حَدِيثاً، فَحَفِظَهُ حَتَّى يُبَلِّغَهُ غَيْرَهُ )**

له کۆتایی دا دوباره ســـوپاســـی پەروەردگار دەکەم بۆ ئەم دەرفەتە زێرینە ســوپاســی خۆم و ســتافی (پرۆژەی بەهاری فەرموودە) ئاڕاســتەی هەموو ئەو مامۆســتا و خوشــک و گەنجانە و مندالانە دەکەین کە لە خزمەتی فەرموودەکانی ســەروەرمان پێغەمبەری خودا دان بەو پەری خۆشــەویســتی و سەبرەکی جوانەوە.

داواکارم لە پەروەردگار ئەم کارەم لێ وەربگرێت و تەنها لە بەر ڕەزامەنــدی ئەو بێــت . ببێتە مــایەی هیــدایەتی خۆم وخوشکانم وە سودی هەبیت بۆ موسولمانان و خزمەتێک بێت بە فەرموودەکانی پێغەمبەری نازدارمان ( ﷺ ). وە بە عەمەلی صالح بۆمان حیساب بکات امین.

**(اللَّهُمَّ صَلِّ عَلَى مُحَمَّدٍ وَعَلَى آلِ مُحَمَّدٍ، كَمَا صَلَّيْتَ عَلَى إِبْرَاهِيمَ وَعَلَى آلِ إِبْرَاهِيمَ، إِنَّكَ حَمِيدٌ مَجِيدٌ، اللَّهُمَّ بَارِكْ عَلَى مُحَمَّدٍ وَعَلَى آلِ مُحَمَّدٍ، كَمَا بَارَكْتَ عَلَى إِبْرَاهِيمَ وَعَلَى آلِ إِبْرَاهِيمَ، إِنَّكَ حَمِيدٌ مَجِيدٌ).**

## مافەکانی پێغەمبەری خوا (ﷺ)بەسەرمان

ئەم پێغەمبەرە بەڕێزە (ﷺ)فەزڵ و چاکەی زۆرە بەسەر باوەڕدارانەوە بۆیە لە هەمان کاتیشدا مافی زۆری لەسەر موسڵمانان هەیە، لێرەدا هەوڵ دەدەین بە کورتی هەندێک لە مافەکانی ڕوون بکەینەوە :

مافی یەکەم: ناسینی پێغەمبەری خوا (ﷺ).

مافی دووەم: باوەڕ بوون بە پێغەمبەری خوا (ﷺ).

مافی سێیەم: بەڕاست دانانی ئەو هەواڵانەی کە دەیدات .

مافی چوارەم: گوێڕایەڵی کردن و شوێن کەوتنی لەو فەرمانانەیدا کە داویەتی.

مافی پێنجەم: دوورکەوتنەوە لەو شتانەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) ڕێگری لێ کردوە.

مافی شەشەم: گەڕانەوە بۆ حوکمی ئەو و ڕازی بوون پێی .

**مافی حەوتەم**: خوای پەروەردگار نەپەرستین تەنها لە ڕێگای پێغەمبەر (ﷺ)ەوە نەبێت واتە لەسەر سوننەتی پێغەمبەری نازدار (ﷺ) خوا پەرستی بکەین.

**مافی هەشتەم**: بەگەورە دانانی و ڕێز لێ گرتنی .

**مافی نۆیەم**: خۆشویستنی پێغەمبەری خوا (ﷺ) زیاتر لە خۆشەویستی باوک و دایک و منداڵەکانی و هەموو خەڵک .

**مافی دەیەم**: صەڵاوات دان لەسەر پێغەمبەری خوا (ﷺ).

**مافی یانزەیەم**: دانانی لەو پلەیەدا کەشایستەی خۆیەتی بە بێ زیادە ڕەوی و کورت ڕەوی.

**مافی دوانزەیەم**: گوێڕایەڵی و سەرخستنی وەستان بە روی نەیەرانی پێغەمبەری خوا (ﷺ).

## پێشەوایانی فەرموودەکانی سەروەرمان

- ❖ ئیمام بوخاری
- ❖ ئیمام موسلیم
- ❖ ئەبوداود
- ❖ ترمزی
- ❖ نەسائی
- ❖ ئیبنو ماجە

کە ناوی ئەم شـەشـەیان زیاتر بەناوبانگە ، فەزلی گەورەیان تا رۆژی قیامەت بەســـەر نەوەی ئوممەتی موســــلمانەوە هەیە جونکە ئەو هەموو فەرموودانەی پێغەمبەری خوایان (ﷺ) بۆ کۆکردوەنەتەوە پاراستویانن . یەکێکی وەکو ئیمامی بوخـاری کە زیـاتر لە (٩٠٠) هەزار فەرموودەی لەبەر بووە لە تەمەنی پیرۆزی خۆیـدا، (٩٠)هەزار فەقێ فەرموودەکـانی سەحیحی بوخارییان لێوە وەرگرتوە.

یەکێکی تر وەکو ئیمامی موسلیم کە (١٢) هەزار فەرموودەی لە دووی توێ کتێبـدا بۆ ئەم ئوممەتە نوســـیوەتەوەو خستوێتیە بەر دەست نەوە بە نەوەی ئۆممەتەکە دەبێت چ ئاستو فەزلێ بۆ ئەم زانایانە دابنرێت؟ بێگومان فەزلیان زۆر زۆرە

خوێندنەوەی سـیرەی ئەم زاتە پاکانە بۆ ئێسـتای ئێمە زۆر پێوسـتە کە چۆن بە روح و لاشـەو سـەروەت وسـامانیان لە خزمەت فەرموودەکـانی پێغەمبەری نـازدارمـان (ﷺ) بوینە ، بۆیە پێوســـتە بە رێزەوە نـاویـان بهێنین لێیـانەوە فێربین دەبی بزانین ئەم ئیمـامە بەرێزانە کێن؟ وە بەرهەمەکـانیـان چیە؟

بۆیە دەمەوێت پێش برۆینە ســەر فەرموودەکان دەمەویت کورتەیەک لە ژیانی زانای گەورەی فەرمووده (ئیمام بوخاری و ئیمـامی موســـلم )بـاس بکەم کە ژیـانیـان پرە لە پەنـدو ئامۆژگاری بۆ تێکرای موسولمانان کە ئەو فەرموودەی تۆی خوێنەر دەخوێنیت کە ئیمامی بوخاری بۆ هەر فەرمودەیەک پێش بینوســـێت غوســـلێک و دوو رکات نوێژو ، دوعای ئیســـتیخارە و ، وە لە هەر شــــوێنـک بو بێـت هـاتۆتەوە (کەعبەی پـیرۆز) ئـیـنـجـا لەوێ تـۆمـاری کـردووە . بـزانە ئەوفەرموودانە چەندە پر خێرو بەرەکەتن .

# ( ئیمامی بوخاری )

ئەم پــیــاوە مەزنە کــونــیەکەی ئەبــو عــبــدالــلەیە، نــاوی: موحەممەدی کوڕی ئیســـمـــاعیلی کوڕی موغیرەی کوڕی بەردیــذبەی بــوخــاریــیە، حــافــیــزو پــێشـــەواو گەورەی فەرموودەناسانە، لە ساڵی (١٩٤)ـــی کۆچی لە دایک بووە لە شــاری بوخارا، کە یەکێکە لە شــارەکانی وڵاتی ئۆزبەکســتانی ئێســـتـا. ئیمام ئەحمد کوری حەمبەل گوتویەتی : (هەموو خۆراســـــان کەســـێکی تری وەکو ئیمــامی بوخــاری ) پێ نەگەیاندووە.

ئیمــامی موســـلیم بە ئیمــامی بوخــاری دەوت ( کەس تۆ نابوغزێنێت مەگەر کەسـێکی بە غیل وحەسـود بێت شـایەتی ئەوە دەدەم کەیەکێکی وەکو تۆ لەم دونیایەدا نییە ).

ئیمامی ئیبنو خوزیمە دەیگوت : ( لە ژێر ئەم ئاسمانە شینەدا کەسێکی تری تێدا نییە شارەزی حەدیسی پێخەمبەر (ﷺ) بێت وەکوئیمامی بوخاری.

## لەدایکبوون و گەشەکردنی:

پێشەوا بوخاری لە خانەوادەیەکی ڕێزدار لە دایک بووە، باوکی کە پێشەوا (ئیسماعیل)ــــە، یەکێک بووە لە فەرموودەناسە جێ متمانەکان، لە پێشــەوا مالیکەوە رحمة الله گوێبیســتی فەرمووده بووەو، هــاوەڵایەتی ئیبنو موبــاڕەکی کردوەو، فەرموودەناسێکی صاڵح و پارێزکارو تەقوادار بووە.

بــاوکی ئیمــامی بوخــاری وەفــاتی کردو، بوخــاری کوڕی بە بچووکی لە دوای خۆی جێهێشــــت، بۆیە بە هەتیوی لە ژێر سەرپەرشتی دایکی گەورە بوو.

دایکی کە ئافرەتێکی زۆر چاکەکارو دینــدارو تەقوادار بوو، بە باشــترین شــێوەی پەروەردە کردن پەروەردەی کردو خســتیە نێو کەش و ژینگەیەکی زانســتی، جا ئەم پێشــەوا بەڕێزە لەم ژینگەیە بۆ خوا صــوڵحاوانە گەشــەی کردو پێگەیشــت .خوای پەروەردگاریش لەبەرکردنێکی بەهێزی پێ بەخشــی لە کاتێکدا تەمەنێکی زۆر کەمی هەبوو .

یەکێـک لە میهرەبـانی و بەزەییەکـانی خوای پەروەردگـار بە بەنـدەی خۆی بوخـاری ئەوە بوو: کـاتێـک بچووک بوو لە تەمەن بینایی چاوەکانی لە دەســـتداو دایکی زۆر خەفەتی دەخوارد و  زۆر دوعـای دەکرد لەبەر خوای گەورە دەپارایەوە کە بینای جاوی کورەکەی بۆ بگەڕێنێتەوە.

جارێکیان پارچە پێســـتەکی لە کتێبخانەکەی باوکی بوخاریدا بینی کە حەدیسێکێ لەسەر نوسراوە ، خەم و پەژارە دایگرت لەوەی کە کورەکەی کە گەورە ئەبێت ناتوانێت دەســـت و خەتەی باوکی بخوێنێتەوە ،بۆیە شەو رۆژ دوعای کردووە .

جا سـەرەنجام پێغەمبەر ئیبرٍاهیمی (علیه صـلاة و سـلام) لە خەو بینی و پێی گوت: « ئەی ئـافرەت، خوای پەروەردگـار بینـایی چاوەکانی کوڕەکەتی گەڕاندەوە بە هۆی زۆری گریان و نزاکانت »، جا کاتێک بەیانی کردەوە، ســـەیری کرد خوای پەروەردگار بینـایی بۆ چاوەکـانی بوخـاری گەڕانـدۆتەوە! بۆیە دایکی ڕادەســـتی خانەی قوڕئان لەبەرکردنی کرد، هەر زوو شـــوێنەواری ســـەرکەووتویی و زیرەکی و ڕەســـەنی لێ دەرکەوتن.

## گەشتە زانستییەکانی:

دوای دەرچـوونـی لە خـانەی لەبەرکـردنـی قـورئـان و تەواوکردنی، دەســـتی کرد بە داواکردنی زانســـت و فەرموودەی وەرگرت و گوێبیست بوو لە زانایانی شارەکەی، دواتر فراوانتری کردو دەســـتی کرد بە گەشـــت کردن بۆ ناوچەکانی دەوروبەر .

چوو بۆ: بەڵخ و هیرات و نەیســـابور، دواتر دەســـتی بە گەشـت کرد بۆ دەرەوە، چوو بۆ مەککە بە مەبەسـتی حەج بە هـاوەڵیەتی دایکی و ئەحمەدی برای، پـاشـــان چوو بۆ شاری مەدینەو ماوەیەک لەوێ مایەوەو لە ڕەوزەی شەریف لە ناو مزگەوتی پێغەمبەری خوا ﷺ.

یەکەم کتێبی خۆی نووســـی کە بریتیە لە « التأريخ الكبير » جا ڕەحمەتی خوای لێ بێ (دەربارەی ئەو کتێبە) گوتوویەتی: مەگەر بە دەگمەن و زۆر کەم، ئەگەرنا ناوی هەر کەســـێک کە لەم کتێبەدا هـاتوە، بەســـەرهـاتێکیم دەربـارەی لەلایە (بەڵام نەمویستووە بینووسمەوەو درێژەی پێ بدەم) .

دواتر چووە بۆ چەندین شـــار و دێهات، وەک: شـــارەکانی واست و بەغدا و کوفە و بەصرە، هەروەها چووە وڵاتەکانی میسر و شام و عەسقەلان، پێشەوا بوخاری هیچ زانایەکی جێنەهێشتووە ناوبانگی زانستەکەی بیستبێ، مەگەر چووە بۆ خزمەتی و سوور بووە لەسەر گەیشتن پێی.

پێشـــەوا بوخاری خۆی گوتوویەتی: فەرموودەم لە هەزارو هەشـت سـەد (١٨٠٠) کەسـەوە نووسـیوەتەوە، کەسـی تێدا نەبووە کە خاوەنی فەرموودە نەبووبێ.

پێشـــەوا بوخاری لە لەبەرکردندا دەگمەنی ســەردەمی خۆی بووە، لێی گێڕدراوەتەوە بەوەی سەیری کتێبێکی کردووەو بە یەکجار سەیرکردن ڕاستەوخۆ لەبەری کردوە.

پێشـــەوا بوخاری دەربارەی خۆی گووتویەتی: «ســەد هەزار (١٠٠,٠٠٠) فەرموودەی صـــەحیحم لەبەرە، لەگەڵ دوو ســـەد هەزار (٢٠٠,٠٠٠) فەرموودەی جگە لە صـــەحیح»، وە لە تـاقیکردنەوەی زانـایـانی بەغـدا توانی بەســـەرکەوتووی دەربچێت .

## دەربارەی الجامع الصحيح (صحيح البخاری):

بە ڕەهایی لەلای ئەهلی سوننە و جەماعە بوو بە بەناوبانگترین کتێبی فەرموودە، ناوی تەواوی کتێبەکە بریتیە لە:« الجَامِعُ المُسْنَدُ الصَّحِيحُ المُخْتَصَرُ مِنْ أُمُورِ رَسُولِ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ وَسُنَنَهِ وَأَيَّامِهِ ». ناوی لێناوە:

### « الجَامِعُ »

چونکە جۆرەها هونەرو زانستی تێدا کۆکردۆتەوە لە بابەتەکانی وەک: ئیمان و عەقیدە، ئەحکامەکان، مامەڵەکان، سزا شەرعییەکان، ڕەوشت و ڕەفتارەکان، فەزڵ و پلەو پێگەکان، سوننەتەکان، ژیاننامە، پزیشکی، بابەتی دڵنەرم بوون بۆ خواپەرستی، دەستگرتن بە قورئان و فەرموودە .

### « المُسْنَدُ »

چونکە فەرموودەی بە سەنەدی پەیوەست (متصل) هێناوە تا دەگاتەوە بە پێغەمبەری خوا (ﷺ) .

« الصَّحِيحُ »

چونکە پابەند بووە بەوەی هیچ فەرمووودەیەک نەهێنێ، جگە فەرمووودەی صــەحیح، پێشــەوا بوخاری خۆی گوتوویەتی: «هـیـچ فەرمـوودەیەکـم تـێـنەکـردوە، مەگەر دوای ئەوەی ئیســتیخـارەم بە خوا کردوەو دوو ڕکـات نوێژم کردوەو لە ڕاستی و صەحیحیەکەی بێگومان بووبم.

« المُخْتَصَرُ »

چونکە لە نێوان شــەش ســەد هەزار (٦٠٠,٠٠٠) فەرمووودە دەریهێناون و، لەم ژمارەیە کورتی کردوونەوە .

« مِنْ أُمُورِ رَسُولِ اللَّهِ ( ﷺ ) وَسُنَنَهِ وَأَيَّامِهِ »

جا پێشەوا بوخاری لە نووسینی ئەو کتێبەیدا مەبەستی بووە شــتی ناڕەوا و نادروســت لە پێغەمبەری خوا (ﷺ) لابدات و بەرگری لێ بکات.

پێشـــەوا بوخـاری گوتوویەتی: پێغەمبەری خوام ﷺ بینی لە خەونمدا، لە خزمەتی بووم و باوەشێنەیەکم لە دەست بوو، شتم لە پێغەمبەری خوا ( ﷺ )دووردەخستەوە.

جا پرســـیارم لە یەکێک لە خەون لێکدەرەوەکان کرد، ئەویش گوتی: «تۆ قســـەی نـاڕاســـــت لە پێغەمبەری خوا (ﷺ ) دووردەخەیتەوە» جا ئەمە هۆکاری ئەوە بوو کتێبی «الجامع الصحیح» بنووسم .

دیارە کە پێشــەوا بوخاری شــازدە ســاڵ خەریکی نووســین و ڕێکخســتن و ســەرەباس دانانی پەرتوکەکە بووە، کە نزیکەی: (٧٥٩٣)فەرموودەی تێدا کۆکردۆتەوە، لە نێوان شـەش سـەد هەزار فەرموودەی صـــەحیح هەڵیبژاردوون، لە کـاتێکـدا زۆر وردبین و تووند بووە لە قبووڵکردنی فەرموودەدا.

## ڕای زانایان لەسەر (صحیح البخاري)

دوای ئەوەی پێشەوا بوخاری لە نووسینی کتێبە صەحیحەکەی تەواو بوو، پێشانی چەندین زانای گەورەی ڕۆژگاری خۆیدا وەک: ئەحمەدی کوڕی حەنبەل و عەلی کوڕی مەدینی و یەحیای کوڕی مەعین، ئەو سێیانە مامۆستای فەرموودەو زانای عەبقەرین.

جا دەربارەی صەحیحەکەی تاقیکردنەوەیان پێکردوەو فەرموودەکانیان لەگەڵ تاوتوێ کردوەو بە چاکیان زانیوەو شایەدیان داوە بە صەحیحی فەرموودەکانی نێو کتێبەکەی، ئوممەتیش قبووڵی کردوە بەوەی صەحیحترین و ڕاستترین کتێبە دوای قورئانی بەرزو مەزن .

زانایان بە درێژایی سەدەکان ڕوویان کردۆتە کتێبی «الجامع الصحیح» (صحیح البخاری) و گرنگی زۆریان پێداوە بە زۆر شێوە: بە شەرح کردن و تەعلیق نوسین و لێکۆڵینەوەکردن و پوختەکردن و کورتکردنەوە و پاڵفتەکردن و ڕێکخستن و نووسینی کتێب لەسەر ئەتراڤەکانی (لەسەر ئەو فەرموودانەی کە تەنها بەشێکی هێناوەو بە تەواوی نەیهێناوە)،

هەروەها شەرحکردنی سەرەباسەکانی و باسکردنی ژیاننامەی ڕاویەکانی سەنەدەکانی و ڕوونکردنەوەی شتە نامۆکانی و جا گرنگی پێدانەکە بەو شێوەیەیە بۆ ئەم کتێبە بە پێزە، کە سام و هەیبەت لە دڵەکان دروست دەکات

## بەناوبانگترین کتێبی ئیمامی بوخاری:

- ❖ الجامع الصحيح
- ❖ الأدب المفرد
- ❖ رفع اليدين في الصلاة
- ❖ القراءة خلف الامام
- ❖ بر الوالدين
- ❖ التاريخ الكبير
- ❖ التاريخ الاوسط
- ❖ التاريخ الصغير
- ❖ چەندین بەرهەمی تر ........

## كۆچی دوای ئیمامی بوخاری

ئیمامی بوخاری چووه لای خزمەکانی لە گوندی خەرتەنگی لای سەمەرقەند لە ئۆزپاکستانەو ئێستا بە خەرتەنگ دەڵێن: خواجا ئاباد لەوێ بۆماوەکی کەم مایەوە نە خۆش کەوت.

ئەوانەی نزیکی بوون گێرایتانەوە کە ئەو شەوەی بۆ سبەی بەتەما بوو بچێت بۆ (سەمەرقەند) زۆر ئەم دوعایە دووبارە دەکردەوە : **(اللَّهُمَّ قَد ضَاقَت بِيَ الارضُ بِمَا رَحُبَتْ فَاقْبِضْنِي اليكَ)** واتە خوایە ئەم سەر زەمینە بەرفراوانەم لێ تەسک بۆتەوە خوایە بمبەروە بۆ خزمەت خۆت.

لە شــەوی شــەممە دوای نوێژی عیشــا کەشــەوی چەژنی رەمەزانی ســـــالی( ٢٥٦) ی کۆچی بوو گیـانی پاکی بەرەو عەرشی پەروەردگاری بەرز بەرز بۆوە و لەتەمەنی (٦٢) سالیدا کۆچی دوای کرد.....

# ( موسلیم کوڕی حەجاج )

یەکێک لە گرنگترین زانایانی فەرموودەی پێغەمبەر لای سوننە، و کۆکەرەوەی پەرتووکی صحیحی موسلیمە.

## کورتەیەک لە ژیانی:

لە نیشابوور لەدایکبووە. ئەو شارە دێرینەی ناسراوە بە زانستی فەرموودە و گێڕانەوە، لە خێزانێکی عەرەبی نەژاد لە ساڵی ٢٠٦ک بەرامبەر ٨٢١ز، لە خێزانێکی بەڕێزدا پەروەردە بوو لەسەر زانست و چاکە، باوکی لەوانە بوو کە لە پێشەوەی زنجیرەکانی زانستدا بوو لەبەرئەوە بایەخی دا بە پەروەردە و فێرکردنی کوڕەکەی، ئەمەش بوو بەهۆی پەروەردەبوونی بە زانست و خۆشەویستی بۆ فەرمودە، یەکەم گوێگرتنی لە فەرمودە لە ساڵی ٢١٨ک دا بوو، پاشان سەردانی چەندین وڵاتی ئیسلامی کرد، گەشتی کرد بۆ عێراق و شام و حیجاز و میسر.

ئیمام موسلیم لە بازرگانیی دا ئیشی کردووە، خاوەنی موڵک بووە کە ئەمەش کاتی داوەتێ بۆ زانست و بۆ هەستان بە گەشتی فراوان بۆ لای ئەو زانایانەی لە شوێنە جیاوازەکانی جیهانی ئیسلامییدا بڵاوبوو بوونەوە.

کۆچی دوایی کرد لە ساڵی ٢٦١ک لە نەسرئاباد نزیک نیساپور.

## مامۆستاو خوێندکارەکانی:

ئیمام موســـلیم گوێی گرتووە لە چەندین زانای ئایینی لە ســـەردەمی خۆیدا لەوانە؛ یەحیا کوری یەحیا نیســـاپوری، و قتیبە کوڕی ســـەعید، و محەممەد کوڕی عەبدول وەهاب فەڕا، و ئیســـحاق کوڕی ڕاهویە، و ئیبراهیم کوری موســـا فەڕا، و عەلی کوڕی جعـد، و ئەحمەد کوڕی حەنبەل، و عوبەیدوڵڵا قەواریری، و خەلف کوڕی هیشـــام ... و ئەوانی تر.

لەوانەی فەرموودەیان لە موسـلیمەوە گێڕاوەتەوە، تورمزیو ئەبوفەزڵ ئەحمەد کوڕی ســـەلەمە، و ئیبراهیم کوڕی دەبی تـالیـب، و ئیبن خەزیمە و مـامۆســـتـاکەی محەممەد کوڕی عەبـدول وەهـاب فەڕا، و ئەبومحەمەد کوڕی دەبی حـاتم ڕازی، و ئیبراهیم کوڕی محەممەد کوڕی ســـوفیـان، و ئەبوحامید ئەعمەشی و ئەوانی تر.

## وتەی زانایان دەربارەی ئیمامی موسلیم:

زۆربەی زانایانی ئیسلام و فەرمووده ستایشی ڕۆڵ و جێگەی موسلیمییان کردووە، لەوانە؛

ئەبووبەکر جـاوەردی ئەڵێـت;مـوســـلیم فەرموودەی بۆ گێڕاینەوە، خۆی سەرچاوەی فەرمووده بوو.

ئیبنو ئەبی حـاتەم ئەڵێـت؛ فەرموودەم لە موســـلیمەوە گێڕاوەتەوە، ئەو جێی متمـانە بوو، حـافزی فەرمووده بوو، شـارەزاییەکی چاکی لە فەرموودەوانیدا هەبوو، کە دەربارەی ئەو لە باوکمیان پرسی وتی؛ ڕاستگۆیە.

مەسـلەمەی کوڕی قاسـم ئەڵێت؛ موسـلیم جێی متمانەیە، بەڕێزە، یەکێکە لە پێشەوایان.

## بەرهەمەکانی ئیمام موسلیم:

موســـلیم چەنـدین دانراوی هەیە کە زۆریـان لێ چـاپکراوە وهەندێکیان تا ئێســـتا هەر بە دەســـتنووســـی ماونەتەوە، و هەروەها هەندێک لە دانراوەکانی فەوتاوە و نەگەیشـتووەتە ئێستا. زۆربەی دانراوەکانی لەسەر فەرموودەیە و ناودارترینیان ســـەحیحی موســـلیمە کە لە دوای ســـەحیحی بوخاری بە ڕاسترین پەرتووک دادەنرێت لە فەرموودەدا.

## فەرموودەی ١

**عَن عُوبَادَ بن صَـامَيت اَنَّ رَسُـولُ اللَّهِ (ﷺ) كَانَ إِذا أُنْزِلَ عَلَيْهِ الْوَحْيُ نَكَسَ رَأْسَهُ وَنَكَسَ أَصْحَابُهُ رُؤُوسَهُم ،فَإِذا اَقْلَعَ عَنْهُ رَفَعَ رَأْسَهُ .**

عوبادەی کوڕی صـــامیـت (رضـــی الله عنه) دەفەرموێ پێغەمبەر (ﷺ) کاتێ کەســروش (الوحی) بو دەهات ســەری نەوی دەکردەوە هاوەڵەکانی ســەریان نەوی دەکرد کاتێ وەحیەکە تەواو دەبوو سەریان بەرز دەکردەوە.

## فەرموودەی ٢

**عَن عُوبَادَ بن صَـامَيت اَنَّ رَسُـولُ اللَّهِ (ﷺ) كَانَ إِذَا أُنْزِلَ عَلَيْهِ الوَحْيُ كُرِبَ لِذَلِكَ وَتَرَبَّدَ وَجْهَهُ.**

عوبادەی کوری صـــامیـت (رضـــی الله عنه) دەفەرموێ پێغەمبەر (ﷺ) کاتی وەحی بۆ دەهات ترس و خەفەت دای دەگرت و ڕەنگی دەم و چاوی دەگۆرا.

## فەرموودەی ٣

**قَال رَسُــــولُ اللَّهِ (ﷺ) الإِيمَـانُ:أَنْ تُؤمِنَ بِـاللهِ وَمَلَائِكَتِـهِ وَكُتُبِهِ وَرَسُــــولِهِ وَتُؤْمِنَ بِالجَنَّةِ وَالنَّارِ وَالمِيزَانَ وَتُؤْمِنَ بِالْبَعْثِ بَعْدَ المَوْتِ وَتُؤْمِنَ بِالْقَدَرِ خَيْرِهِ وَشَرِّهِ.**

پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموی : ئیمان وبڕوا بوون بریتی لە بڕوابوون بەخوا و فریشـــتەکـانی و پەڕاوە پیرۆزەکـانی و پێغەمبەران و بڕوا بوون بەهەشـت و دۆزەخ وە بە تەرازوو، وە بڕوا بوون بە زینـدوو بونەوە پاش مردن و بڕوا بون بە قەزاو قەدەری خوا.

## فەرموودەی ٤

**قَال رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) الْمُؤْمِنُ مَنْ أَمِنَهُ النَّاسُ عَلى أَمْوَالِهِمْ وَأَنْفُسِهِمْ وَالْمُهاجِرُ مَنْ هَجَرَ الْخَطَايَا وَالذُّنُوبَ.**

پێغەمبەر (ﷺ ) دەفەرموێ بڕوادار ئەوەیە کە خەڵکـان لە سـەروماڵیان ئەمین بن و کۆچکەریش ئەوەیە کە کۆچ بکات لە تاوان و گوناهەوە بۆ خواپەرستی ولە خواترسان.

## فەرموودەی ٥

**قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) أَفْضَلُ الإِيْمَانِ الصَّبْرُ وَالسَّمَاحَةُ.**

پێغەمبەری خوا(ﷺ) دەفەرموێ بەرێزترین پلەی ئیمـان و بڕوابوون ئارام گرتن و چاوپۆشی کردنە .

## فەرموودەی ٦

**قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) إِذا سَرَّتْكَ حَسَنَتُكَ وَسَاءَتْكَ سَيِّئَتُكَ فَأَنْتَ مُؤْمِنٌ.**

پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرموێ ئەگەر کردەوەی چـاکە، کەیف خۆشـــت بکات و بەکردەوەی خراپەش دڵتەنگ بیت ئەوە تۆ ئیمانداری.

## فەرموودەی ٧

**قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) قُلْ آمَنْتُ بِاللَّهِ ثُمَّ اسْتَقِمْ.**

پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرموێ بڵێ ئیمانم هێناوە بەخوا و لە پاشان بەردەوام بە لەسەری و ئیستیقامەت هەبێ.

## فەرموودەی ٨

**قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) مَنْ زَنَى خَرَجَ مِنْهُ الإِيمَانُ فَإِنْ تَابَ تَابَ اللَّهُ عَلَيْهِ .**

پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرموێ کەسێ داوێن پیسی ئەنجام دا ئیمان و بڕوای لە لەشـــی دادەڕنێ وەئەگەر تۆبەی کرد وپەشیمان بۆوە خوای گەورە تۆبەی لێ وەردەگرێ.

## فەرموودەی ٩

**قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) أَوْثَقُ عُرَى الإِيْمانِ الْمُوَالاةُ في اللَّهِ وَالْمُعَـادَاةُ في اللَّهِ وَالْحُـبُّ في اللَّهِ وَالْبُغْضُ في اللَّهِ عَزَّ وَجَلَّ.**

پێغەمبەری خوا(ﷺ)دەفەرموێ بەهێزترین پلەی ئیمان ئەوەیە کەپشـت بەسـتنت بەخوا بێت و دوژمناتیت لەبەرخوا بێت و خۆشـەویستیت لەبەرخوا بێت و ڕق لێ بونەوەت لەبەر خوا بێت.

## فەرموودەی ١٠

**قَالَ رَسُــولُ اللّهِ (ﷺ) الْمُؤْمِنُونَ كَرَجُلٍ وَاحِدٍ إِنِ اشْــتَكَى رَأْسُهُ اشْتَكَى كُلُّهُ وَإِنْ اشْتَكَى عَيْنُهُ اشْتَكَى كُلُّهُ.**

پێغەمبەری خوا(ﷺ)دەفەرموێ (ئیمانداران وەکو لاشــەی مرۆڤێک وان ئەگەر ســەری ئازای هەبوو ئەوا هەمووی لاشەی پێوە سەرقاڵەو ئازاری دەبێت وە ئەگەر چاوی ئازاری هەبوو ئەوا هەموو لاشەی بەئازار دەکەوێت.

## فەرموودەی ١١

**قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) أُخْرُجْ فَنَادِ فِي الْنّاسِ: مَنْ شَـهِدَ أَنّ لاَ إِلَهَ إِلاَّ اللهُ وَجَبَتْ له الْجَنَّةُ.**

ئەبوبەکر(رضى الله عنه) دەفەرموێ پێغەمبەری خوا فەرمووی(ﷺ) بڕۆ بانگی خەڵک بکەو بڵێ کەسێ شایەتی دا کەهیچ خوایەک نیە جگە لە ﴿ الله ﴾ ئەوا بەهەشــت بۆی واجب دەبێت.

## فەرموودەی ١٢

**قَالَ رَسُـولُ اللَّهِ (ﷺ) مَنْ لَقِيَ اللهَ لاَيُشْـرِكُ بِهِ شَـيْئاً دَخَلَ الْجَنَّةَ.**

پێغەمبەری خوا(ﷺ) دەفەرموێ کەسێ گەیشت بەخوا و هاوەڵی بۆ بڕیار نەدا دەچێتە بەهەشت.

## فەرموودەی ١٣

**قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) إنَّ اللهَ تَعَالَى يَبْتَلِي العَبْدَ فِيمَا أَعْطَاهُ، فَإِنْ رَضِـيَ بِمَا قَسَـمَ اللهُ بُورِكَ لَه فِيهِ وَوَسِـعَهُ وَ إِنْ لَمْ يَرْضَ لَمْ يُبَارِكْ لَهُ وَ لَم يَزِد عَلَى مَا كُتِبَ لَهُ.**

پێغەمبەری خوا(ﷺ) دەفەرموێ خوای گەورە کە بەنـدەی خۆی تاقی کردوەوە لەوەی کە پێی بەخشـیوە وە ئەگەر رازی بوو بەو بەشەی کە خوا پێی داوە ئەوا پیت و بەرەکەتی تێ دەکەوێ و زۆری دەکات وە ئەگەر رازی نەبوو بە بەشی خوا بۆی داناوە وە خوای گەورە پیت و بەرەکەت و زیاتری ناکات و سودی بۆ نابێت.

## فەرموودەی ١٤

**قَالَ رَســُــولُ اللَّهِ (ﷺ) أَخَافُ عَلَى أُمَّتِي مِن بَعدِي ثَلَاثًا : حَيْفُ الأئِمَةِ ، وَ إِيمَانًا بِالنُّجُومِ ، و تَكذِيبًا بِالقَدَرِ.**

پێغەمبەری خوا(ﷺ) دەفەرمویٚ لە ئوممەتی خۆم دەترسم لە سێ شتان کە ئەوانیش ستەمی فەرمانڕەواکانیان و بڕوا بوون بە ئەستێرەناسی و بڕوا نەبوون بە قەزاو قەدەرو بە درۆ خستنەوەیان.

## فەرموودەی ١٥

**قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) إِذَا أَرَادَ اللَّهُ قَبْضَ عبدٍ بِأَرْضٍ جَعَلَ لَهُ فِيْهَا حَاجَةً.**

پێغەمبەری خوا(ﷺ) دەفەرمویٚ ئەگەر خوای گەورە ویستی وا بوو گیانی بەندەیەکی خۆی لە شوێنێک بکێشێ ئەوا پێویستی بەو شوێنە دەبێت وەبۆی دەچێت و لەویا وەفات دەکات و ڕۆژی تەواو دەبێت.

## فەرموودەی ١٦

**قَالَ رَسُــولُ اللَّهِ (ﷺ)  إِذَا ذُكِرَ أَصْــحَابِي فَأَمْسِــكُواْ وَ إِذَا ذُكِرَتِ اَلنُّجُومُ فَأَمْسِكُواْ وَ إِذَا ذُكِرَ اَلْقَدَرُ فَأَمْسِكُواْ.**

پێغەمبەری خوا(ﷺ) دەفەرموێ ئەگەر بە خراپە باسی هاوەڵانم کرا ئەوا بی دەنگ بن وە ئەگەر باسی ئەستێرە ناسی کرا ئەوە بێ دەنگ بن و وە ئەگەر باسی قەزاو قەدەر کرا بە قوولی ئەوا بێ دەنگ بن.

## فەرموودەی١٧

**قَالَ رَسُــولُ اللَّهِ (ﷺ) أُخِرُ الكَلاَمُ  فِي القَدَرِ لِشِــرَارِ أُمَّتِي فِي آخِرِ الزَّمَانِ .**

پێغەمبەری خوا(ﷺ)دەفەرموێ وە پاشخستراوە قسە کردن لەسەر قەزاو قەدەر بۆ خراپەکارانی ئوممەتی من لە ئاخیری زەمان.

## فەرموودەی ١٨

**قَالَ رَسُــــولُ اللَّهِ (ﷺ) إِنَّ الرِّزقَ لَيَطلُبُ العَبدَ أَكثَّرَ مِمَّا يَطلُبُهُ أَجَلُهُ.**

پێغەمبەری خوا(ﷺ) دەفەرموێ رزق ڕۆزی بە دوای بەندەکانی خوا دەکەوێ و داوای دەکات زیاتر لەوەی ئەجەل و مردن بە دوایدا بۆی دەگەڕێ بە دوای دەکەوێ هەر رۆزیەک بە شـی تۆ بێت ئە وا حەتمەن بۆت دێت.

## فەرموودەی ١٩

**قَالَ رَسُــــولُ اللَّهِ (ﷺ) إِنَّ اللهَ تَعَالَى خَلَقَ الجَنَّةَ وَخَلَقَ النَّارَ فَخَلَقَ لِهَذِهِ أَهلًا وَلِهَذِهِ أَهلًا.**

پیغەمبەری خوا(ﷺ) دەفەرموێ خوای گەورە بەهەشـــت و دۆزەخی دروســـت کردووە وە بۆ هەر یەکێکیـان کۆمەڵ خەلکانی بۆ دروست کردووە.

## فەرموودەی ٢٠

**قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) الإِيمَانُ بِضعٌ وَسِتُّونَ شُعبَةً، وَالحَيَاءُ شُعبَةٌ مِنَ الإِيمَانِ .**

پێغەمبەری خوا(ﷺ) دەفەرموێ ئیمان و بروا بوون شەست و ئەوەندە بەشە وە شەرم و حەیاش بەشیکە لە ئیمان.

## فەرموودەی ٢١

**قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): إنَّ لِكُلِّ شَيءٍ حَقِيقَةً ، وَ مَا بَلَغَ عَبدٌ حَقِيقَةَ الإِيمَانِ حَتَّى يَعلَمَ أنَّ مَا أَصَابَهُ لَم يَكُن لِيُخطِئَه ، وَ مَا أَخطَأَهُ لَم يَكُن لِيُصِيبَهُ.**

پێغەمبەری خوا(ﷺ) دەفەرموێ هەموو شتێ راستەقینەی هەیە ، وە هیج بەندەیەک ناگات بە ئیمان و بروای راستەقینە هەتا دەگاتە ئەو پلە ئیمانەی کە ئەوەی تووش دەبێت مانای نیە بە هەلە بەسەری داهاتووە وە ئەوەی لێی لادراوە لە بیرکراوە .

## فەرموودەی ٢٢

**قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): إِنَّ مَا قَد قُدِّرَ فِي الرَّحِمِ سَيَكُونُ.**

پێغەمبەری خوا(ﷺ) دەفەرمویٚ ئەوەی بریار دراوە لە رەحمی مێینەدا ئەوا حەتمەن هەر دەبێت.

## فەرموودەی ٢٣

**قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): سيَكُونُ فِي أُمَّتي أقْوامٌ يُكذِّبُون بِالقَدَرِ.**

پێغەمبەری خوا(ﷺ) دەفەرمویٚ لە دوای من لە ئوممەتی من کۆمەلیٚ پەیدا دەبن و بروا بە قەزاو قەدەر ناهێنن.

## فەرموودەی ٢٤

**قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): إنَّ أَوَّلَ مَا خَلَقَ اللَّهُ القَلَمَ  فَقَالَ لَهُ أُكتُبُ ،قَالَ مَا أُكتُبُ قَالَ أُكتُبِ القَدَرَ وَمَا هُوَ كَائِنٌ إِلَى الأَبَدِ.**

پێغەمبەری خوا(ﷺ) دەفەرموێ یەکەم شتێ کە خوای گەورە دروستی کرد پێنووس بوو وە وتی بە پێنووس بنووسە، وتی چ بنووسم ئەی پەروەردگارم، فەرمووی بنوسە ئەوەی لە ئێستاوە روودەدات تاکو ئاخیر زەمان لە قەدەری خوا.

## فەرمووەدی ٢٥

**قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): القَدَرِيَّةُ مَجُوسُ هَذِهِ الأُمَّةِ : إِن مَرِضُواْ فَلاَ تَعُودُوهُم وَإِن مَاتُواْ فَلاَ تَشْهَدُوهُم.**

پێغەمبەری خوا(ﷺ) دەفەرموێ ئەوانەی بڕوایان بە قەزاو قەدەر نیە ئەوانەی ئاگر پەرستانی ئەم ئوممەتەن ئەگەر نەخۆش بوون سەردانیان مەکەن وە ئەگەر مردن ئامادەی سەر جەنازەیان مەبن.

## فەرموودەی ٢٦

**قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): كُنتُ نَبِيًّا وَآدَمُ بَينَ الرُوحِ وَالجَسَدِ.**

پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرمووی من کرام بە پێغەمبەر لە دێرزەمانەوە ئەوکات ئادەم پێغەمبەر لە نێوان لاشـــەو گیان بەبەردا کردن بوو.

## فەرموودەی ٢٧

**قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ):لا يُردُّ الْقَضَاءَ إلَّا الْدُّعَاءُ وَلَا يَزِيْدُ فِي الْعُمْرِ إلَّا البِرُّ.**

پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرموێ هیج شـــتی نیە قەزاو قەدەری خوا لا بدات یان بیگۆری تەنها نزاو پارانەوە نەبێت ، هیج شتی نیە تەمەن درێژ بکات تەنها چاکە کردن نەبێت .

## فەرموودەی ٢٨

**قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): الإِسْلَامُ: أَنْ تَشْهَدَ أَنْ لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ وَأَنَّ مُحَمَّدًا رَسُولُ اللَّهِ وَتُقِيمُ الصَّلَاةَ، وَتُؤْتِي الزَّكَاةَ، وَتَصُومَ رَمَضَانَ، وَتَحُجَّ الْبَيْتَ إِنِ اسْتَطَعْتَ إِلَيْهِ سَبِيلًا.**

پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرموی: ئاینی ئیســـلام بریتییە لە شـــاهیدی دان بەوەی کە هیچ خوایەک نیە جگە لە ( اللّٰه ) وە محمد پێغەمبەر و نێردراوی خوایەو نوێژ بکەی و زەکاتی ماڵی خوا دەرکەی وە رۆژوو بونی مانگی رەمەزان و حەجی ماڵی خوا ئەگەر توانات هەبوو.

## فەرموودەی ٢٩

**قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): أَمَا عَلِمتَ أَنَّ الإِسْلاَمَ يَهْدُمُ مَا كَانَ قَبْلَهُ، وَ إِنَّ الهِجْرَةَ تَهْدُمُ مَا كَانَ قَبْلَهَا، وَإِنَّ الحَجَّ يَهْدُمُ مَا كَانَ قَبْلَهُ.**

پێغەمبەری خوا(ﷺ) دەفەرموێ: ئایە زانیوتە کە ئیسلام بوون هەموو کردەوەیەکی خراپ کە کردووتە لە پێیش نـاهێڵێ و لای دەبـات و هەروەهـا هیجرەت و کۆچکردنیش وەحەجی ماڵی خواش ئەوەی لە پێیشـــیان کراوە لای دەبات و لێ دەبورێت.

## فەرموودەی ٣٠

**قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) الإِسلاَمُ يَعلُو وَلاَ يُعلَى.**

پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرموویەتی ئیسـلام بەرزەو هیچ شـتێ لەو بەرزتر نیە.

## فەرموودەی ٣١

**قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) لَو نَزَلَ مُوسَى فَاتَّبَعتُمُوهُ وَ تَركتُمُونِي لَضَلَلتُم أَنَا حَظُّكُم مِّنَ النَّبِيِّينَ وَ أَنتُم حَظِّي مِنَ الأُمَمِ .**

پێغەمبەری خوا(ﷺ) دەفەرموێ ئەگەر موسـا پێغەمبەر (علیە الصلاة والسلام ) زیندوو بێتەوە ئیوەش بە دوای ئەو بکەون و واز لە من بهێنن گومراو سـەر لێشـێوان دەبن من بەشـی ئیوەم لە نـاو پێغەمبەران و ئیوەش بەشـــی منن لە نـاو میللەتان دا.

## فەرموودەی ٣٢

**قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) وَالَّذِي نَفْسُ مُحَمَّدٍ بِيَدِهِ، لَا يَسْمَعُ بِي أَحَدٌ من هَذِهِ الأُمَّةِ يَهُودِيٌّ وَلَا نَصْرانِيٌّ ثُمَّ يَمُوتُ ولَمْ يُؤْمِنْ بِالَّذِي أُرْسِلْتُ بِهِ إِلَّا كَانَ مِن أَصْحَابِ النَّارِ.**

پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرموویەتی سوێندم بەو کەسەی گیانی موحمەدی بە دەستە چ جوولەکە بێیت یان گاور گویرایەڵی ئەم رێبازەی من نەبێت کە بۆم هاتووە و لە پاشان بمرێ و بروام پێ نەکات دەچێتە ئاگری دۆزەخ .

## فەرموودەی ٣٣

**قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) مَن أَحْسَنَ فِي الإِسْلَامِ لَمْ يُؤَاخَذْ بِمَا عَمِلَ فِي الجَاهِلِيَّةِ، وَمَن أَسَاءَ فِي الإِسْلَامِ أُخِذَ بِالأَوَّلِ وَالآخِرِ.**

پێغەمبەری خوا(ﷺ) دەفەرموێ کەسێ هاتە ناو ئیسلام بە چاکترین شێوە ئەوا تۆلەی لێ ناسەنرێ بەو کردەوانەی کە لە نەزانی و نەفامی دوور لە ئیسلام بکەین کردوویەتی بەلام کەسێ ئیسلام بوو دوایی خراپەکاری کرد لە ناو ئیسلامەتی دا ئەوا تۆلەی یەکەم جار و دوایی لێ دەسەنرێتەوە .

# فەرموودەی ٣٤

**عَن عَائِشَةَ (رضي الله عنها) قُلتُ: يا رَسولَ اللهِ، ابنُ جُدْعانَ كانَ في الجاهِلِيَّةِ يَصِلُ الرَّحِمَ، ويُطْعِمُ المِسْكِينَ، فَهلْ ذاكَ نافِعُهُ؟ قالَ: لَا يَنْفَعُهُ، لِأَنَّه لَمْ يَقُلْ يَوْمًا رَبِّ اغْفِرْ لِي خَطِيئَتِي يَومَ الدِّينِ.**

عائيشـــــه خان )دەفەرمویێ ( رضـــى الله عنها) ووتم ئەی پێغەمبەری خوا کوری جودعان ســـەردانی خزم و خۆیشـــی دەکرد و پیاوێکی ناندەریش بوو لە سـەردە نەفامی مردووە ئەیە ئەم کردەوانە ســـودی بۆی دەبێــت پــاش مردن ، پیخەمبەری خوا(ﷺ) فەرمووێ سـودی نابێت چونکە ئیمان و بروای نەهیناوە لە ژیانی دا نەی ووت خوایە لە تاوانم خۆش بە لە رۆژی دوایی .

## فەرموودەی ٣٥

**قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) أَحَبُّ الأَعمَالِ إِلَی اللهِ إِيمَانٌ بِاللهِ، ثُمَّ صِلَةُ الرَّحِمِ، ثُمَّ الأَمرُ بِالمَعرُوفِ وَ النَّهيُ عَنِ المُنكَرِ. وَ أَبغَضُ الأَعمَالِ إِلی اللهِ الإِشرَاكُ بِاللهِ ثُمَّ قَطِيعَةُ الرَّحِمِ.**

پێغەمبەری خوا(ﷺ) دەفەرموێ: خۆشەویسترین کردەوە لای خودا بڕواهینان بە خوا لەپاشان هاموشۆی خزمان (سەردانی خزمـان )و فەرمـان بە چـاکە و قەدەغەکردن لە خراپە ، خەراپترین کردەوە کە خوای گەورە ڕەقی لـێ دەبێتەوە هاوەڵ دانان بۆ خواوە لەپاشان بڕینی هاموشۆی خزمان.

## فەرموودەی ٣٦

**قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) إِنَّ النَّاسَ إِذا رَأَوا المُنْكَرَ وَ لَا يُغَيِّرُونَهُ أَوشِكَ أَن يَعُمَّهُمُ اللَّهُ بِعِقَابِهِ .**

پێغەمبەری خوا(ﷺ) دەفەرموێ ئەگەر خەلکان خراپەیان دیت و نەیـان گۆری نزیکە خوای گەورە هەموویـان تۆلە لـێ بکاتەوە .

## فەرموودەی ٣٧

**قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) مُرُّوا بِالمَعرُوفِ وَانـهَوا عَنِ المُنكَرِ قَبلَ أَن تَدعُوا فَلَا يُستَجَابَ لَكُم .**

پێغەمبەری خوا(ﷺ) دەفەرموێ فەرمـان بە چـاکە بکەن و نەهی لە خەراپە بکەن پێش ئەوەی کـاتێـک دابێـت کە بپارێنەوە دووعاتان گیرا نەبیت .

## فەرموودەی ٣٨

**قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) وَاللَّهِ لَأَنْ يُهْدَي بِهُدَاكَ وَاحِدٌ خَيْرٌ لَكَ مِن حُمْرِ النَّعَمِ.**

پێغەمبەری خوا(ﷺ) دەفەرموێ:سـوێندم بە خوا ئەگەر بەهۆی تۆوە تاکە کەسێ هیدایەتی ببێ بۆ تۆ باشترە لە رانە حوشتری سۆر .

## فەرموودەی ٣٩

**قَالَ رَسُولُ اللّهِ (ﷺ) إِنَّ الشَّيطَانَ يَأتِي أَحَدُكُم فَيَقُولُ مَن خَلَقَكَ فَيَقُولُ اللهُ فَيَقُولُ فَمَن خَلَقَ اللهَ ؟ فَإِذَا وَجَدَ أَحَدُكُم ذَلِكَ فَلْيَقُلْ آمَنتُ بِاللهِ وَرُسُولِهِ فَإِنَّ ذَلِكَ يَذهَبُ عَنهُ .**

پێغەمبەری خوا(ﷺ) دەفەرموێ شـەیتان دێتە لای هەریەکێکتان و وەسـوەسـەو خەیاڵی خەراپی بۆ دێنێ و پێی دەلێت کێ تۆی دروســــت کردووە ئەویش دەلێـت خوای گەورە ئەویش پێی دەلێت کێ خوای دروسـت کردووە ئەگەر ئەم خەیاڵەت بۆ هات ئەو کـات بڵێ ئیمـانم هەیە بە خواو پێغەمبەرەکەی ئەو کـاتە ئەم وەسوەسە و خەیاڵەت لا دەچێت و نامێنێت .

## فەرموودەی ٤٠

**قَالَ رَسُولُ اللّهِ (ﷺ) تَفَكَّرُواْ فِي آلَاءِ اللهِ وَلَا تَفَكَّرُواْ فِي اللهِ.**

پێـغەمبەری خـوا(ﷺ) دەفەرمـوێ بیـربکەنەوە لە دروســــت کراوەکانی خوا بیرمەکەنەوە لە زاتی خوا (جَلَّ جَلَالَه) .

## فەرموودەی ٤١

**قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) إِنَّمَا العِلمُ بِالتَّعَلُّمِ، وَ إِنَّمَا الحِلْمُ بِالتَّحَلُّمِ، وَ مَنْ يَتَحَرَّ الخَيْرَ يُعْطِهِ، وَ مَنْ يَتَّقِ الشَّرَّ يُوقَّهُ.**

پێغەمبەری خوا(ﷺ) دەفەرموێ عیلم و زانیاری بە خوێندن و فێربوونە و بە نەرم و نیـانی لەســـەرخۆ بوونەوە ئەوەی بگەرێ بەدوای خێرو چاکەدا خوای گەورە پێ ی دەبەخشـــێ وە ئەوەی خۆی لە شــەر و خراپە کاری بپارێزی خوای گەورە دەی پارێزی .

## فەرموودەی ٤٢

**قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) الخَلقُ كُلُّهُم يُصَلُّونَ عَلَى مُعَلِّمِ الخَيرِ حَتَّى حِيتَانُ البَحرِ .**

پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرموێ خەلکان بە تێکرا ســـەلاوات لەسەر ئەو کەسەی مامۆستا باشەی خەلکی فێری دینداری دەکات هەتا ماسی ناو روبارەکانیش

## فەرموودەی ٤٣

**قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) سَلُواْ اللهَ عِلماً نَّافِعاً وَ تَعَوَّذُوا بِاللهِ مِنَ عِلمِ لَا يَنفَعُ .**

پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی داوا لە خوا بکەن کە زانیاری بە سوودتان پێ بدات وە پەنا بدەن بە خوا لە زانیاری بێ سوود.

## فەرموودەی ٤٤

**قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) طَلَبُ العِلمِ فَرِيضَةٌ عَلَى كُلِّ مُسلِمٍ .**

پێغەمبەری خوا (ﷺ)دەفەرموێ گەران بە دوای عیلم و زانیاری واجبە لەسەر هەموو موسڵمانێک .

## فەرموودەی ٤٥

**قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) صَاحِبُ العِلمِ يُستَغفَرُ لَهُ كُلُّ شَيءٍ حَتَّى الحُوتُ فِي البَحرِ .**

پێغەمبەری خوا (ﷺ)دەفەرموێ ئەوەی عیلم و زانیاری پێ بەخشراوە (زانا ) هەموو شت داوای لێخۆشبوونی بۆ دەکەن لەلایەن خودا دا هەتا ماسیەکانی ناو روبارەکانیش .

## فەرموودەی ٤٦

**قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) إِنَّ اللهَ تَعَالَى يُبغِضُ كُلَّ عَالِمٍ بِالدُّنيَا جَاهِلٌ بِالآخِرَةِ .**

پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرموێ خوای گەورە رقی لە هەموو زانایەکە کە زانا بێت بە دونیا و نەزان بێت بە کاروباری دوارۆژ.

## فەرموودەی ٤٧

**قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) فَضلُ العَالِمِ عَلَى العَابِدِ كَفَضلِ القَمَرِ لَيلَةَ البَدرِ عَلى سَائِرِ الكَوَاكِبِ .**

پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرموێ گەورەیی رێزی زانایان لەسەر بەندەکان و وەکو بەرزی و بەرێزی مانگە لە شـــەوی چواردە بەسەر ئەستیرەکانی تر دا .

## فەرموودەی ٤٨

**قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) مَن خَرَجَ فِي طَلَبِ العِلمِ فَهُوَ فِي سَبِيلِ اللَّهِ حَتَّى يَرجِعَ .**

پێغەمبەری خوا (ﷺ )دەفەرموێ کەســێ لەمال دەرچێ بۆ گەران بەدوای زانســت دا ئەوە وەکو دەرچوونە بۆ جیهاد لە پێناوی خوا هەتا دەگەرێتەوەماڵەوە.

## فەرموودەی ٤٩

**قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) مَنِ ابتَغَى العِلمَ لِيُباهِيَ بِهِ العُلمَاءُ أَو يُمَارِيَ بِهِ السُّفَهَاءُ أَو تُقبِلَ أَفئِدَةَ النَّاسِ إِلَيهِ فإِلَى النَّارِ.**

پێغەمبەری خوا (ﷺ )دەفەرموێ کەســێ زانیاری فێربێ بۆ خۆ هەلکێشـان بێت لە بەرامبەر زانایاندا یان بۆ مشـت و مر و موناقەشــە بێت لەگەل نەفامان یان بۆ راکێشــانی دلی خەڵکی بۆ لای خۆی ئەوە بۆ ئاگری دۆزەخە .

## فەرموودەی ٥٠

## قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) لَيسَ مِنَّا مَن لَم يُجِلَّ كَبِيرَنَا وَيَرحَمَ صَغِيرَنَا وَيَعرِفَ لِعَالِمِنَا حَقَّهُ.

پێغەمبەری خوا(ﷺ) دەفەرموێ لە ئێمە نیە ئەو کەسەی رێز لە گەورە نەنێت و بەزەی بە بچووکان دا نێتەوە و مافی زانایان نەدات.

## فەرموودەی ٥١

## قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) إنِّي أُحَدِّثُكمُ الحَدِيثَ فَلْيُحَدِّثِ الحَاضِرُ مِنكُمُ الغَائِبَ .

پێغەمبەری خوا(ﷺ) دەفەرموێ من قسەتان بۆ دەکەم و با ئەوانەی لێرەن و ئامەدەن بۆ ئەوانەێ لێرەنین بگێرنەوە .

## فەرموودەی ٥٢

**قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) نَضرَ اللّهُ اِمرِءاً سَمِعَ مِنَّا شَيئاً فَبَلِغهُ كَمَا سَمِعَهُ فَرُبَّ مُبَلِّغٍ أَوعَى مِن سَامِعٍ .**

پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرموویەتی خوای گەورە ئەو کەسـەی جوان کردووە کەگوێی لە فەرمـایشـتی ئیمە دەبێ وە رادەگەیەنێ وەکو خۆی وە زۆر جار هەیە ئەوەی رادەگەیەنێ بە خەلکی تێگەیشتووترە لەوەی کە گوێ ی لێ دەبێت .

## فەرموودەی ٥٣

**قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) إنَّ عِلمَاً لاَ يَنْتَفِعُ بِه كَكَنْزٍ لاَيُنْفَقُ مِنْه فِيِ سَبِيْلِ اللّهِ .**

پێغەمبەری خوا(ﷺ) دەفەرموێ ئەو عیلم و زانیاری یەی کە سودی نادا وەکو ماڵ و سامانێکە کە نایبەخشێ لە پێناوی خودا دا.

## فەرموودەی ٥٤

**قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) مَثَلُ الَّذِي يَتَعَلَّمُ الْعِلْمَ ثُمَّ لاَ يُحَدِّثُ بِهِ كَمَثَلِ الَّذِي يَكْنِزُ الْكَنْزَ فَلاَ يُنْفِقُ مِنْهُ.**

پێغەمبەری خوا(ﷺ) دەفەرموێ نمونەی ئەو کەسەی کە فێری زانست و زانیاری دەبێت و بە خەلکی راناگەیەنێت وەکو ئەو کەسەیە کە خەزێنەیەکی شاراوەی هەبێت و سەرفی نەکات.

## فەرموودەی ٥٥

**قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): أَتَيْتُ لَيْلَةَ أُسْرِيَ بِي عَلَى قَوْمٍ تَقْرِضُ شِفَاهُهُمْ بِمَقَارِيْضَ مِنْ نَّارٍ كُلَّمَا قَرَضَتْ وَفَتْ فَقُلْتُ يَا جِبْرِيْلَ مَنْ هَؤُلاَءِ؟ فَقَالَ خُطَبَاءُ أُمَّتِكَ الَّذِيْنَ يَقُولُونَ مَا لاَ يَفْعَلُونَ وَيَقْرَءُونَ كِتَابَ اللهِ وَلاَ يَعْمَلُونَ بِهِ.**

پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرموێ لە شەوی میعراجدا بەلای کۆمەڵێ خەڵکی رابوردم دیتم کۆمەڵێ لێوی خۆیان بە مەقاشی ئاگرین دەبری و دوای وەکو خۆی لێ دەهاتاتەوە هەم دیسان دوبارەیان دەکردەوە، ووتم ئەی جوبرائیل ئەوانە کێن؟وتی ئەوانە ووتار بێژانی ئوممەتی تۆن و ئەوانەی کە شت دەخوێنن بۆ خەلکی خۆیان کردەوەی پێ ناکەن قورئان دەخوێنن خۆیان کردەوەی پێ ناکەن.

## فەرموودەی ٥٦

**قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) مَنْ أَفْتَى بِغَيْرِ عِلْمٍ كَانَ إِثْمُهُ عَلَى مَنْ أَفْتَاهُ وَمَنْ أَشَارَ عَلَى أَخِيْهِ بِأَمْرٍ يَعْلَمُ أَنَّ الرُّشْدَ فِي غَيْرِهِ فَقَدْ خَانَهُ .**

پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرمویەتی کەسێ فەتوا بدات بێ زانیاری و بە هەڵە ئەوا تاوانی ئەو کەسەش لەسەرە کەفەتوای بۆ داوەو وە کەسێ نیشانی برای خۆی بدات شتێ وە بزانێ جگە لەو شتە ئەوانی تر راستن ئەوە خیانەتی لێ کردووە.

## فەرموودەی ٥٧

**قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) مَا حَدَّثَكُم أَهلُ الكِتَابِ فَلَا تُصَدِّقُوهُم وَلَا تُكَذِّبُوهُم ، وَقُولُواْ آمَنَّا بِاللهِ وَكُتُبِهِ وَرُسُلِهِ ، فَإِن كَانَ بَاطِلاً لَم تُصَدِّقُوهُ وَإِن كَانَ حَقّاً لَم تُكَذِّبُوهُ " .**

پێغەمبەری خوا(ﷺ) دەفەرموێ: ئەوەی خاوەن نامەکان (جولەکەو گاور) باس لێوە دەکەن ئێوە نەبڕوای پێ بکەن و وە نە بە درۆی دابنێن بەڵکو بڵێن ئیمان و بڕوامان هێناوە بە خواو بە کتێبەکانی و بە پێغەمبەران وە ئەگەر ئەو شتەیە بە تاڵ و تەواو نەبێت ئەوا پێی باوەڕ ناکەن وەئەگەر راستیش بێت ئێوە بە درۆی ناخەنەوە.

## فەرموودەی ٥٨

**قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): الخَوَارِجُ كِلَابُ النَّارِ.**

پێغەمبەری خوا(ﷺ) دەفەرموێ: خەواریجەکان سـەگی ئاگری دۆزەخن.خەواریج ئەوانەن کە بروایان وایە کە یەکێک گوناهی گەورەی کرد ئەوا کافرە و هەتا هەتایی لە دۆزەخ دەمێنێت.

## فەرموودەی ٥٩

**قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) مَاءُ الْبَحْرِ طَهُورٌ.**

پێغەمبەری خوا(ﷺ) دەفەرموێ: ئاوی رووبار خاوێنە.

## فەرموودەی ٦٠

**عن عائشة رضي الله عنهما، كَانَ رسولُ اللهِ صلَّى اللهُ عليهِ وسلَّم: يَصْغِي لِلْهِرَّةِ الإِناءَ فَتَشْرَبَ ثُمَّ يَتَوَضَّأُ بِفَضْلِهَا.**

عائیشـە خان (رضـى الله عنها) پێغەمبەری خوا(ﷺ) کاتێ پشـیلە دەمی دەخستە ناو قاپی ئاوەوە وازی لێ دێنا تا ئاوەکەی دەخواردەوە ئینجا بە پاشماوەکەی دەست نوێژی پێ دەشوشت.

## فەرموودەی ٦١

**قَالَ رسولُ اللهِ صلَّى اللهُ عليهِ وسلَّم: لَاتطبُخُواْ فِي قُدُورِ المُشرِكِينَ فَإِنَّ لَمْ تَجِدُواْ غَيرَهَا فَارحَضُوهَا رَحضاً حَسَناً ثُمَّ اطبُخُواْ وَكُلُواْ.**

پێغەمبەری خوا(ﷺ) دەفەرموێ: لە ناو مەنجەلی موشریک و بێ بروایان چێشت لێ مەنێن وە ئەگەر جگە لەو دەست نەکەوت ئەوا جوان بیشۆن لە پاشان چێشتی تێدا ئامادەکەن و بیخۆن .

## فەرموودەی ٦٢

**عَن أَنَس بنِ مالِكٍ رَضِيَ اللهُ عنه أنَّ رسولُ اللهِ صلَّى اللهُ عليهِ وسلَّم: نَهَى عَنِ الأَكْلِ وَالشُّربِ فِي إِنَاءِ الذَّهَبِ وَالفِضَّةِ.**

ئەنەسی کوری مالیک (رضی الله عنه) پێغەمبەری خوا(ﷺ) نەهی کردووە لە خواردن و خواردنەوە لە قاپی زێرو زیو.

## فەرمووده‌ی ٦٣

**قال رَسُولَ الله ﷺ إِذَا دُبِغَ الْإِهَابُ فَقَدْ طَهُرَ.**

پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرموێ: ئەگەر پیستە خۆشە دەباغ کرا ئەوە پاک دەبێتەوە.

## فەرمووده‌ی ٦٤

**قال رَسُولَ اللهﷺ :إِنَّمَا يُغسَلُ مِن بَولِ الأُنثى وَيُنضَحُ مِن بَولِ الذَّكَرِ.**

پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرموێ: ئەگەر مندال میزی لە شوێنی کرد ئەگەر مێینە بوو بە ئاو دەشۆرێ وەئەگەر نێرینە بوو بە ئاو پرژاندن (رشاندن ) پاک دەبێتەوە.

## فەرمووده‌ی ٦٥

**قَالَ رَسُولُ اللَّهِ : الكَبَائِرُ : الْإِشْرَاكُ بِاللَّهِ، وَعُقُوقُ الْوَالِدَيْنِ، وَقَتْلُ النَّفْسِ،وَالْيَمِينُ الغَمُوسُ**

پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی: گوناهی گەورە بریتیە لە هاوبەشدانان بۆ خوا ئەزیەتدانی دایک و باوک، کوشتنی مرۆڤ بە ناهەق، سوێند خواردن بە ناوی خوا بە درۆ

## فەرمووده‌ی ٦٦

قال رَسُولَ اللهﷺ : اكثَرُ عَذَابِ الْقَبرِ مِنَ الْبَولِ .

پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرموێ زۆربەی سزای ناو گۆڕ لەسەر میزە .(لەسەر خۆ پاک نەکردنەوەیە لە میزدا)

## فەرمووده‌ی٦٧

قال رَسُولَ اللهﷺ : تنزَّهوا مِنَ البَولِ فإنَّ عامَّةَ عَذابِ القَبرِ منهُ.

پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرموێ: خۆتان پاک کەنەوە لە میز چونکە بە گشتی خەڵکان لە گۆڕدا سزا ئەدرێت لەسەر خۆپاک نەکردنەوە لە میزدا.

## فەرمووده‌ی ٦٨

قال رَسُولَ اللهﷺ : الْحَمَامُ حَرَامٌ عَلَى نِسَاءِ أُمَّتِي.

پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرموێ: گەرماو (حمام) قەدەغە کراوە لە سەر ئافرەتانی ئوممەتی من.( ئەو گەرماوانەی گە بە کۆمەل ئافرەتان خۆیان تیادا دەشۆرن و بێ بەرگن و بە ڕووتی یەکتر دەبینن بەلام ئەگەر لە شوێنێک کەسێک نەی بینی ئەوا دروستە)

## فەرمووده‌ی ٦٩

**قال رَسُولَ اللهﷺ : كَانَ إِذَا أَرَادَ الْحَاجَةَ أَبْعَدَ.**

بیلالی کوری حارس دەفەرموێ :پێغەمبەری خوا (ﷺ) کاتی کە ویستبای بچێ بۆ تارەت کردن ئەوە دوور دەکەوتەوە لە خەلکی.

## فەرمووده‌ی ٧٠

**كَانَ إِذَا خَرَجَ مِنَ الغَائِطِ قَالَ غُفرَانَكَ.**

عایشە خان (رض الله عنها ) دەفەرموێ پێغەمبەری خوا (ﷺ) کاتێ لە تارەت کردن دەهاتە دەرەوە دەی فەرموو(غفرانک) خوایە لیم خۆشبە .

## فەرمووده‌ی ٧١

**قال رَسُولَ اللهﷺ أُمِرنَا بِإسْبَاغِ الوُضُوءِ.**

پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرموێ: فەرمانمان پێکراوە دەست نویژ بە تێرو تەسەلی بشۆین.

## فەرموودەی ٧٢

**قال رَسُولَ اللهﷺ " إِذَا تَوَضَّأَ الْرَّجُلُ الْمُسلِمُ خَرَجَت خَطَايَاهُ مِن سَمعِهِ وَبَصَرِهِ وَيَدَيْهِ وَرِجلِيهِ فإِنَّ قَعَدَ قَعَدَ مَغفُوراً لَهُ.**

پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرموێ: ئەگەر موسولمانێ دەست نویژی شـــوشـــت هەموو گوناهو تاوانی لەســـەر رەش دەبیتەوە کە بەدەســـت و گوێ و چاو و پێیەکانی ئەنجامی داون وەکە دانیشـــت بۆ چاوەروانی نوێژ ئەوا خوای گەورە لێی دەبووریێ.

## فەرموودەی ٧٣

**قال رَسُولَ اللهﷺ مَن أَتَمَّ الوُضُوءَ كَمَا أَمَرَهُ اللَّهُ فَالصَّلَوَاتُ المَكْتُوبَاتُ كَفَّارَاتٌ لِما بيْنَهُنَّ.**

پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرموێ: کەســێ دەســـت و نوێژی تەواو شـــوشـــت هەروەکو خوا فەرمانی پێکردوە ، هەرپێنج نوێژە فەرزەکە بۆی دەبن بەکەفارەتی گوناهی نێوانیا.

## فەرمووودەی ٧٤

**قال رَسُولَ اللهﷺ مَن تَوَضَّأَ كَمَا أُمِرَ و صَلَّى كَمَا أُمِرَ  غُفِرَ لَهُ مَا تَقَدَّمَ مِن عَمِلٍ .**

پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرموێ: کەسێ دەست نوێژی گرت بەو جۆرەی خوا فەرمانی پێکردوە وە نوێژی کرد چۆن خودا فەرمـانی پێکردوە خوای گەورە لە گونـاهی پێشــــووی دەبورێت.

## فەرمووودەی ٧٥

**قال رَسُولَ اللهﷺ : ويْلٌ لِلأَعْقابِ وَبُطُونِ الأقدامِ مِنَ النَّارِ.**

پێغەمبەری خوا(ﷺ) دەفەرموی وەیل و رۆرۆ بۆ ئەو کەسەی کە گۆزینگی تەر ناکات لە کاتی دەســــت و نویژ ، وە بنی پێیەکانی ناشوات.

## فەرموودەی ٧٦

**قال رَسُولَ اللهﷺ : إِذَا أَفضَى أَحَدُكُم بِيَدِهِ إِلَى فَرْجِهِ فَليَتَوَضَّأ.**

پێغەمبەری خوا(ﷺ) دەفەرموی کەس دەســــت بە دامەنی (عەورەتی) پێشــــەوە و پاشــــەوەی کەوت دەســــت نویژی دەشکێ ، با دەست نویژ تازە بکاتەوە.

## فەرموودەی ٧٧

**قال رَسُولَ اللهﷺ : إِذَا صَلَّى أَحَدُكُم فَأَحدَثَ فَلْيُمسِكْ عَلَى أَنفِهِ ثُمَّ لِيَنْصَرِفَ.**

پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرموی: کەسێک لە ناو نوێژ دەست نوێژی شــکا با دەســتی بە لوتی یەوە بگرێ و ئینجا دەرچێ ( بۆ ئەوەی خەلک وا تێبگەن کە لووتی پرژاوە).

## فەرموودەی ٧٨

**قال رَسُولَ اللهﷺ: ثلاثةٌ لا تَقْرِبُهُمُ الْمَلَائِكَةُ : السَّكْرانُ ، وَ الْمُتَضَمّخُ بِالزَّعْفَرَانِ وَالْجُنُبُ.**

پـێـغەمـبەری خـوا (ﷺ) دەفەرمـوی: سـێ کەس هەن فریشتەکانی خوا نزیکیان ناکەون : سەرخۆش (مەستی) وە ئەوەی خۆی بەزەعفەران چەور دەکات و ئەوەی کە لەشـی گرانە لە (جەنابەت دایە).

## فەرموودەی ٧٩

**قال رَسُولَ اللهﷺ : ثَلَاثٌ حَقٌّ عَلَى كُلِّ مُسلِمٍ : اَلْغُسلُ يَومُ الْجُمُعَةِ و الْسِّوَاكُ وَالْطِّيبُ.**

پێغەمبەری خوا(ﷺ) دەفەرموێ: سـێ شـت هەن لەسـەر هەموو موسولمانێ پێویستن: غوسل کردن لەرۆژی هەینی دا و سیواک کردن و خۆ بۆن خۆش کردن.

## فەرموودەی ٨٠

**قال رَسُولَ اللهﷺ : طَيِّبُوا أَفوَاهَكُمْ بِالسِّوَاكِ  فَإِنَّهَا طُرُقُ القُرآنِ .**

پێغەمبەری خوا(ﷺ) دەفەرموێ : دەمتان خاوێن و بۆن خۆش بکەن بە سـیواک  کردن چونکە دەم رێگاکانی قورئانە و قورئانی تیادا دێیتە دەرەوە.

## فەرموودەی ٨١

**عَنْ عَائيشة (رضي الله عنها) أَنَّ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): كَانَ إِذَا دَخَلَ بَيْتَهُ بَدَأَ بِالْسِّوَاكِ.**

عائیشـه ( رضـي الله عنها)  دەفەرموێ: پێغەمبەری خوا (ﷺ)کە دەهاتەوە ماڵەوە سیواکی دەست پێ دەکرد.

## فەرموودەی ٨٢

**قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): إِذَا جَاوَزَ الْخِتَانُ الْخِتَانَ فَقَدْ وَجَبَ الغُسْلُ.**

پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرمویٚ ئەگەر دوو ئـامرازی براوەی نێرینە و مێینە گەیشـتن بە یەکدا و ئەوا خۆشـوشـتن لەسـەر هەردوکیان واجب دەبێ (واتە جووت بوون).

## فەرمووده‌ی ٨٣

**قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): الْغُسْلُ مِنَ الْغُسْلِ وَالْوُضُوءُ مِنَ الْحَمْلِ .**

پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرمویٚ ئەو کەسەی مردوو دەشۆریٚ دەبێت دوایی خۆی بشـــوات وە ئەوەی مردووی بەشـــانی هەلگرتووە بۆ گۆرسـتان ئەوا دەبێت لە پاشـی دەسـت نوێژ بشوات.

## فەرمووده ٨٤

**عَنْ عَائيشة (رضي الله عنها) أنَّ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): كَانَ لَا يَتَوَضَّأُ بَعْدَ الْغسْلِ .**

عائيشــه ( رضــي الله عنها)  دەفەرمویٚ: پێغەمبەری خوا (ﷺ) که غوســـلی دەکرد له دوایی دا دەســـت نویژی نەدەشـــو شتەوە.

## فەرمووده‌ی ٨٥

**عَنْ أَنَس بِن مَالِك رَضيَ اللهُ عَنهُ قَالَ : أَنَّ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): كَانَ يَغْتَسِلُ هُوَ وَالْمَرْأَةُ مِن نِّسَائِهِ مِن إِنَاءٍ وَاحِدٍ.**

ئەنەس دەفەرمویٚ پێغەمبەری خوا (ﷺ) لەگەڵ یەکێـک له ئافرەتەکانی خۆی خۆی دەشۆرد له قاپێکدا.

## فەرموودەی ٨٦

**عَنْ أَنَس بِن مَالِك رَضيَ اللهُ عَنهُ قَالَ : أَنَّ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): كَانَ يَطُوفُ عَلَى جَمِيْعِ نِسَائِهِ فِي لَيْلَةٍ بِغُسْلٍ وَاحِدٍ.**

ئەنەس دەفەرمویَ پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە شەوێکدا بەسەر هەموو ئافرەتەکانی خۆی دەگەراو سەرجێی لەگەل دەکردن و یەک جار خۆی دەشۆرد

## فەرموودەی ٨٧

**قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) إِنَّمَا كَانَ يَكْفِيْكَ أَن تَضْرِبَ بِيَدَيْكَ إِلَى الأَرْضِ فَتَمْسَحَ بِهِمَا وَجْهَكَ وَكَفَّيكَ.**

پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرمویَ: دەربارەی تەیەمموم ئەوەندە بەسە کە هەردوو دەست لە زەوی بدەی و دەم و جاوت و هەردوو باسکت پی مەسح بکەی(ئەمە تەیەمومە).

## فەرموودەی ٨٨

**قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): أَقبِل وَأَدْبِر وَاتَّقِ الْدُبُرَ وَالْحَيْضَةَ.**

پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرموێ: چ لە پاش و چ لە پێیش سەرجێ ی لەگەل خیزانت بکە بەلام ئاگادار بە خۆت بپارێزە لەدامەنی پاشەوەی وە لەکاتی بێ نویژی دا مەچونە لایان.

## فەرموودەی ٨٩

**قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): إنَّ هَذَا أَمرٌ كَتَبَهُ اللَّهِ عَلَى بَنَاتِ آدَمَ فَاغْتَسِلِي، وَأَهِلِّي بِالْحَجِّ، وَاقْضِي مَا يَقْضِي الحَاجُّ، غَيْرَ أن لَّا تَطُوفِي بِالْبَيْتِ وَلَا تُصَلِّي.**

پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرموێ: ئەم ئیشە (کە بێ نویژی ئافرەتانە) خوای گەورە دای ناوە لەسەر کچانی ئادەم ئەگەر لە حەج دا بوون با غوسل بکەن و ئیحرام بە حەج ببەستن و ئەوەی حاجی دەیکا لە واجیباتەکانی حەج با ئەویش بیکات تەنها سورانەوە بەدەوری مالی بەیت و نویژ کردن نەبێ ئەوانی تر با بیکات تاکو خاوێن دەبێتەوە ئینجا ئەوانە بکاتەوە کە نەیکردووە.

## فەرموودەی ٩٠

**قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): أَفْضَلُ الأَعْمَالِ الصَّلاةُ لِوَقْتِها وَ بِرُّ الْوَالِدَيْنِ .**

پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرموێ: بەرزترین کردەوە لەلای خوا نوێژە لە کاتی خۆی بکرێ لە پاشـــان چاکە کردن لەگەل دایک و باوک دا.

## فەرموودەی ٩١

**قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): لَوْلَا ضُعْفُ الضَّعِيفِ وَ سُقْمُ السَّقِيمِ لأَخَّرْتُ صَلَاةَ الْعِتْمَةِ .**

پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمویەتی: ئەگەر لەبەر بێ هێزی بێ هێزان و نەخۆش دەردەداران نەبوایە نوێژی عیشـــــام دوا دەخست تا درەنگی شەو.

## فەرموودەی ٩٢

**قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): إِذَا سَمِعْتَ النِّدَاءَ فَأَجِبْ دَاعِيَ اللَّهِ.**

پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمویەتی: ئەگەر گوێتان لە بانگی نوێژ بوو ئەوا بەدەم بانگەوە بچن چونکە بانگی خوایە .

## فەرمودەی ٩٣

**قَالَ رَسُــــولُ اللَّهِ ﷺ: إِذَا نُودِيَ بِالصَّـــلَاةِ فُتِحَتْ أَبوَابُ السِّمَاءِ وَاسْتُجِيْبَ الدُّعَاءُ .**

پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرموێ: ئەگەر بـانگی نـویژ درا دەرگاکانی بەهەشت دەکرێنەوە نزاو پارانەوە گیرا دەبێت.

## فەرمودەی ٩٤

**قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ: الأَذَانُ تِسْعَ عَشْرَةَ كَلِمَةً وَالإِقَامَةُ سَبْعَ عَشْرَةَ كَلِمَةً**

پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرموێ: بانگ دان نۆزدە وشەیە و قامەت کردن حەڤدە وشەیە.

## فەرمودەی ٩٥

**قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ: بَيْنَ كُلِّ أَذَانَيْنِ صَلَاةٌ لِمَن شَاءَ .**

پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرموێ:  لە نیوان هەموو بانگێک و قامەتێک نوێژی سوننەت هەیە بۆ ئەوەی حەز بکات.

## فەرمووددەی ٩٦

**قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ: يَا بِلَالُ أَقِمِ الصَّلَاةَ، أَرِحْنَا بِهَا.**

پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی بە بیلال بـانگمـان بۆ بـدەو قامەت بکە کەیف خۆشمان بکە بە نوێژەوە.

## فەرمووددەی ٩٧

**قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ: بَيْنَ الْكُفرِ وَ الإيمَانِ تَرْكُ الصَّلَاةِ.**

پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمویەتی لە نیوان کوفرو بڕواهێنـان نەکردنی نوێژە.

## فەرمووددەی ٩٨

**قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ: اِعلَم أنَّكَ لَا تَسجُدُ سَجدَةً إلَّا رَفَعَ اللَّهِ لَكَ بِهَا دَرَجَةً وَحطَّ عَنكَ بِهَا خَطِيئَةً.**

پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمویەتی : بزانە ئەگەر کرنۆشـێک بۆ خوا ببەیت خوای گەورە پلەو پایەت بەرز دەکاتەوەو گوناهو تاوانت لە سەر ناهێڵێ.

## فەرموودەی ٩٩

**قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ: أَوَّلُ مَا يُحَاسَبُ بِهِ الْعَبدُ يومَ الْقِيَامَةِ الصَّلاةُ ، فَإِنْ صَلُحَتْ صَلُحَ لَهُ سَائِرَ عَمَلِهِ وَ إِنْ فَسَدَتْ فَسدَ سَائِرُ عَمَلِهِ.**

پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمویەتی : یەکەم شـــتێ کە خوا لێپرســـنەوەی بەندەکانی لە ســـەر بکات نوێژە ئەگەر بەچاکی ئەنجـامی دابوو ئەوە هەموو کردەوەکـانی بـاش دەبیـت وە ئەگەر بە شـــیوەیەکی ناشـــیاوی ئەنجامی دابێ ئەوا هەموو کردەوەکانی ناشیاو دەبێت.

## فەرموودەی ١٠٠

**قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ: جُعِلَتْ قُرَّةُ عَينِي فِي الصَّلَاةِ .**

پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرموێ : دانراوە بۆ رۆنـاکی چـاو و دلم لە نوێژ دا. (لە نوێژ دا چاو و دڵم پێی رۆناک دەبێیتەوە)

## فەرموودەی ١٠١

**قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ : تَأْكُلُ الْنَّارُ اِبْنَ آدَمَ إلاَّ أَثَرُ الْسُّجُودِ ، حَرَّمَ اللَّهِ عَلَى الْنَّارِ أنْ تَأْكُلَ أَثَرَ الْسُّجُودِ .**

پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرموێ ئاگری دۆزەخ هەموو لەشی ئادەمی دەسوتێنێ تەنها شوێنەواری کرنۆش بردن نەبێت خوای گەورە لەسەر ئاگری دۆزەخی قەدەغە کردوە بە سوتاندنی شوێنەواری کرنۆش بردن کە نێوچەوانە.

## فەرموودەی ١٠٢

**قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ: إنَّ كُلَّ صَلاَةٍ تَحُطُ مَابَيْنَ يَدَيْهَا فِي خَطِيْئَةٍ.**

پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرموێ: خوای گەورە هەموو نوێژێک و تا نوێژەکەی تر دەیکاتە کەفارەتی سڕینەوەی گوناهەکانی نێوانیان.

## فەرموودەی ١٠٣

**قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ: إِنَّ الْصَّلَوَاتَ الْخَمْسِ يُذْهِبْنَ بِالذُّنُوبِ كَمَا يُذْهِبُ الْمَاءُ الْــدَّرَنَ.**

پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرموێ پێنج فەرزە نوێژەکـان دەبنە هـــۆی سڕینەوەی گوناهـــەکان هەر وەکو چۆن ئـاو چڵکی لادەبات ئـەوها گوناهەکان دەشۆنەوە .

## فەرموودوی ١٠٤

**قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ: مَا عَمِلَ اِبْنُ آدَمَ شَيْئَاً أَفْضَلَ مِنَ الْصَّلاَةِ وَصَلاَحُ ذَاتِ الْبَيْنِ وَخُلُقٍ حَسَنٍ .**

پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرموێ هیچ کردەوەیەک نیـــــە کە ئادەمی بیکـــات گەورەتر و بەڕێزتر بێت لـــە نوێژ ،وەچاکردنی نێوان خەڵکی ،وەڕەوشـت جوانی .

## فەرموودەی ١٠٥

**قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ: مَنْ تَرَكَ صَلاَةَ الْعَصْرِ حَبِطَ عَمَلُهُ**

پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرموێ کەسێ بە ئەنقەست نوێژێکی عەسر بچوێنێ ئەوا هەموو کردەوەی چاکەی دەسڕێتەوە.

## فەرموودەی ١٠٦

**قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) مَابَيْنَ الْمَشْرِقِ وَالْمَغْرِبِ قِبْلَةٌ.**

پێغەمبەری خوا (ﷺ)دەفەرموێ لە نێوان خۆرهەڵات و خۆرئاوا قیبلەو ڕووگەیە (ئەمە بۆ خەلکی شاری مەدینەیە).

## فەرموودەی ١٠٧

**قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ: إذَا كَانَ أَحَدُكُمْ يُصَلِّيْ فَلاَ يَرْفَعُ بَصَرَهُ إلَي الْسَّمَاءِ لاَ يَلْتَمِعُ .**

پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرموێ ئەگەر یەکیکتان نوێژی کرد با چاوی خۆی نەگێڕێ بۆ بەرزایی یان ئەولاو ئەولا.

## فەرموودەی ١٠٨

**قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ: لاَ تُقْبَلُ صَلاَةُ الْحَائِضِ إِلاَّ بِخِمَارٍ.**

پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرموێ نوێژی ئـافرەتی بـالغ بوو درووست نابێت تا سەرو مل و شانی دانەپۆشێت.

## فەرموودەی ١٠٩

**قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ: مَا أُمِرتُ بِتَشْيِيدِ المَسَاجِدِ .**

پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرموێ فەرمـانم پێ نەکردوون بە رازاندنەوەی مزگەوتەکان .

## فەرموودەی ١١٠

**قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ مَنْ بَنَى اللهِ مَسْجِداً وَلَوْ كَمِفْحَصِ قَطَاةٍ أَوْ أَصْغَرَ بَنَى اللهُ لَهُ بَيْتاً فِي الْجَنَّةِ .**

پێغەمبەری خوا (ﷺ )دەفەرموێ کەسـێ مزگەوتێ دروسـت بکات با بەقەد هێلانەی بـاڵـندەیەک بێـت یان بچوکتر ئەوا خوای گەورە لە بەهەشت دا خانوویەکی بۆ دروست دەکات.

## فەرموودەی ١١١

**قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ إِذَا أَذَّنَ الْمُؤَذِّنُ فَلَا يَخْرُجُ أَحَدٌ حَتَّي يُصَلِّيَ .**

پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرموێ ئەگەر بانگدەر بانگی نوێژی دا با کەس لەناو مزگەوتا دەرنەچێ تا نوێژەکە تەواو دەکات.

## فەرموودەی ١١٢

**قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ أَيَّتُكُنَّ أَرَادَتِ الْمَسْجِدَ فَلَ تَقْرِبْنَّ طِيْبَاً .**

پێغەمبەری خوا ( ﷺ ) فەرمویەتی ( هەر ئافرەتێ ویستی بچێت بۆ مزگەوت با خۆی بۆن خۆش نەکات.

## فەرموودەی ١١٣

**قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ البُزَاقُ في المَسجِدِ سِيِّئةٌ وَدَفْنُهُ حَسَنَةٌ.**

پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرموێ تف روو کردن لە ناو مزگەوت گوناهێکە و شاردنەوەشی چاکەیەکە .

## فەرموودەی ١١٤

**قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ خَيرُ صَلَاةِ النِّسَاءِ فِي قَعرِ بِيُوتِهِنَّ .**

پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرموێ چاکترین نوێژی ئافرەتان لە ناو ماڵەکانیانە کە ئەنجامی بدەن .

## فەرموودەی ١١٥

**قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ أَحَبُّ البِلَادِ إِلَى اللهِ مَسَاجِدُهَا، وَأَبْغَضُ البِلَادِ إِلَى اللهِ أَسْوَاقُهَا.**

پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرموێ خۆشەویسترین شوێن لای خوا مزگەوتەکانە وە ناخۆشترین شوێن کە خوا رقی لێ بێتەوە بازارەکانە .

## فەرموودەی ١١٦

**قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ لَا تَتَّخِذُواْ المَسَاجِدَ طُرُقًا إِلَّا لِذِكْرٍ أَوْ صَلَاةٍ .**

پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرموێ با ناو مزگەوتەکان نەکەن بە رێگای هاتووچۆی خەڵکی تەنها مزگەوتەکان بۆ یادی خوا و نوێژ کردنن .

## فەرموودەی ١١٧

**قَالَ رَسُــولُ اللَّهِ ﷺ الأَرضُ كُلُّهَا مَســجِدٌ إِلَّا المَقْبَرَةُ وَالحَمَّامُ.**

پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی هەموو شــوێنێ وەکو مزگەوت وایە نوێژی تیادا دەکرێ تەنها گەرماو گۆڕســتان نەبێت .

## فەرموودەی ١١٨

**قَالَ رَسُــولُ اللَّهِ ﷺ الْمَسْــجِدُ الَّذِي أُسِّــسَ عَلَى الْتَّقْوَى مَسْجِدِي هَذَا.**

پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمویەتی ئەو مزگەوتەی کە لەســەر خواپەرستی و تەقوا بنیات نراوە مزگەوتی منە.

## فەرموودەی ١١٩

**قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ الصَّلَاةُ فِي مَسْجِدِ قُبَاه كَعُمْرَةٍ .**

پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمویەتی نوێژیک لە مزگەوتی قوبا خێری بە قەد عومرەیەک دەبیت.

## فەرموودەی ١٢٠

**قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ مَا بَيْنَ بَيْتِي وَ مِنْبَرِي رَوْضَةٌ مِن رِيَاضِ الْجَنَّةِ.**

پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمویەتی لە نیوان مـالی خۆم و مینبەری خۆم بریتی یە لە مێرگێک لەمێرگەکانی بەهەشت.

## فەرموودەی ١٢١

**قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ أَوَّلُ مَا يُرْفَعُ مِنَ النَّاسِ الْخُشُوعُ.**

پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرموێ یەکەم شتێ لە نێوان خەلکی بەرز دەبیتەوە و نامینێت خوشوعە (ملکەچی ) لە ناو نویژدا.

## فەرموودەی ١٢٢

**قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ أَسْوَأُ النَّاسِ سَرِقَةً الَّذِي يُسْرِقُ مِنْ صَلَاتِهِ : لَا يُتِمُّ رُكُوعَهَا وَلَا سُجُودَهَا وَلَا خُشُوعُهَا.**

پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرموێ خراپترین دزی ئەو دزیەیە کە لەناو نوێژدا دەکرێ بەوەی کە روکوع و کرنۆش و مل کەچی تیادا بە تەواو ئەنجام نادات و بە پەلە دەیکات.

## فەرموودەی ١٢٣

**قَالَ رَسُولُ اللّهِ ﷺ ثَلَاثٌ مِنْ أَخْلَاقِ الْنُبُوَّةِ : تَعْجِيلُ الإِفْطَارِ وَتَأَ خِيْرُ السُّحُورِ وَ وَضْعُ اليَمِينِ عَلَى الشِّمَالِ فِي الصَّلَاةِ.**

پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمویەتی سێ شت هەن لە خوو رەوشتی پیغەمبەرانن ئەوانیش : پەلە کردن لە رۆژوو شکاندن و دواخستنی پارشیوکردن و دانانی دەستی راست لەسەر دەستی چەپ لە ناو نوێژا. (یان بە پیش خستنی راستە لەسەر چەپە).

## فەرموودەی ١٢٤

**قَالَ رَسُولُ اللّهِ ﷺ لَا يَزَالُ اللّهِ مُقْبِلاً عَلَى الْعَبْدِ وَهُوَ فِي صَلَاتِهِ مَالَمْ يَلتَفِت فَإِذَا صَرَفَ وَجْهَهُ اِنصَرَفَ عَنهُ.**

پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرموی خوای گەورە بە چاوی رەحمەت تەماشای بەندەی خۆی دەکات کە لە ناو نوێژ دابێت و تا ئەوکاتەی تەماشای لای راست و چەپی خۆی ناکات بەلام ئەگەر رووی خۆی لە ناو نوێژ دا وەرگێڕا خوای گەورەش رووی خۆی لێوەردەگیرێ و تەماشای ناکات

## فەرموودەی ١٢٥

## عَن عائيشة ( رضي الله عنها) قَالَ كَانَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ إِذَا اِسْتَفْتَحَ الصَّلَاةَ قَالَ( سُبْحَانَكَ اللَّهُمَّ وَبِحَمْدِكَ وَتبَارَكَ اِسْمُكَ وَتَعَالَى جَدُّكَ وَلَا إِلَهَ غَيْرُكَ.

عائيشه خان ( رضى الله عنها) دەفەرموێ كە پێغەمبەرى خوا (ﷺ) دەســـتى بە نوێژ دەكرد پيش هەموو شـــتێـك ئەم دوعايەى دەخوێند (سُـــبْحَانَكَ اللَّهُمَّ وَبِحَمْدِكَ وَتبَارَكَ اِسْـــمُكَ وَتَعَالَى جَدُّكَ وَلَا إِلَهَ غَيْرُكَ).

## فەرموودەی ١٢٦

## قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ أَتِمُّوا الصُّفُوفَ فَإِنِّي أَرَاكُمْ مِنْ خَلْفِ ظَهْرِي.

پێغەمبەرى خوا (ﷺ) فەرمويەتى ريزى نويژ تەواو بكەن و رێك و راسـت بوەسـتن چونكە من دەتان بينم لە دواى خۆمەوە. ( ئەوەش يەكيكە لە موعجيزەكـانى پێغەمبەر (ﷺ) كە لەدواى خۆى دەيديتن) .

## فەرموودەی ١٢٧

قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ إِنَّ مِنْ تَمَامِ الصَّلَاةِ إِقَامَةُ الصَّفِّ.

پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمویەتی لەتەواو بوونی نویژە کە لە ریزەکان راست بوەستن .

## فەرموودەی ١٢٨

قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ إِذَا أَتَيْتَ الصَّلَاةَ فَأْتِهَا بِوَقَارٍ وَ سَكِينَةٍ فَصَلِّ مَا أَدرَكْتَ وَاقْضِ مَا فَاتَكَ .

پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمویەتی ئەگەر هـاتی بۆ نوێژی جەماعەت ئەوە بە هەلە داوان مەچۆ و بەڵکو بە هێمنی و لەســەرخۆ بە ریگادا برۆن وە ئەوەی بە نوێژەکە راگەیشــت بیکەو ئەوەی نەگەیشت دوای تەواوبکە .

## فەرموودەی ١٢٩

**قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ إِذَا صَلَّى أَحَدُكُم فِي بَيْتِهِ ثُمَّ دَخَلَ الْمَسْجِدَ وَالْقَوْمَ يُصَلُّونَ فَلْيُصَلِّ فَإِنَّهَا لَهُ نَافِلَةٌ.**

پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمویەتی کەسێ لەماڵەوە نوێژی کرد دوایی چوو بۆ مزگەوت و بینی نوێژی جەماعەت دەکرێ با نوێژەکە لە گەڵیان بکات چونکە بۆی دەبێتە نوێژی سوننەت.

## فەرموودەی ١٣٠

**قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ إِذَا قَالَ الإِمَامُ سَمِعَ اللَّهِ لِمَنْ حَمِدَهُ فَقُولُواْ اللَّهُمَّ رَبَّنَا وَلَكَ الْحَمْدُ.**

پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمویەتی: ئەگەر ئیمام ووتی (سَمِعَ اللهُ لِمَنْ حَمِدَهُ ) ئیوەش بلێن (اللَّهُمَّ رَبَّنَا وَلَكَ الْحَمْدُ) .

## فەرموودەی ١٣١

**قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ إِذَا قَالَ الإِمَامُ ( غَيۡرِ ٱلۡمَغۡضُوبِ عَلَيۡهِمۡ وَلَا ٱلضَّآلِّينَ ) (الفاتحة٧) ( فَقُولُواْ آمِيْنَ) فَإِنَّهُ مَنْ وَافَقَ قَوْلُهُ قَولَ الْمَلَائِكَةِ غُفِرَ لَهُ مَا تَقَدَّمَ مِنْ ذَنبِهِ .**

پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمویەتی: ئەگەر ئیمام لە نوێژا ووتی ( غَيۡرِ ٱلۡمَغۡضُوبِ عَلَيۡهِمۡ وَلَا ٱلضَّآلِّينَ ) ئێوەش پیکەوە بڵێن(ئامین) چونکە ئەگەر وتەی ئێوەو وتەی فریشتەکانی خوا گەیشتن بەیەک دا خوای گەورە لە گوناهو تاوانی لە پێشتان دەبورێت.

## فەرموودەی ١٣٢

**قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ إِنِّي لأَقُومُ لِلصَّلَاةِ وَ أَنَا أُرِيْدُ أَنْ أُطَوِّلَ فِيْهَا فَأَسْمَعُ بُكَاءَ الصَّبِيِّ فَأَتَجَوَّزُ فِي صَلَاتِي كَرَاهِيَةَ أَنْ أَشُقَّ عَلَى أُمِّهِ.**

پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمویەتی: من هەلدەستم کە ئیمامەتی بۆ خەلکی بکەم وە دەمەوێ نوێژەکە درێژ بکەمەوە بەلام گوێم لە دەنگی منالێک دەبێت کەدەگریێ لە بەر ئەزیەت و ناخۆش بەسەر دلی داکیەوە نوێژەکە کورت دەکەمەوە لەبەر سۆزی دایکی بۆی.

## فەرموودەی ١٣٣

قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ يَؤُمُّ الْقَومَ أَقْرَؤُهُم لِلقُرْآنِ .

پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمویەتی: ئەو کەسە شایان ترە کە پێش نوێژی بۆ کۆمەڵێ بکات کەلەهەموویان زیاتر قورئان دەخوێنێ و شارەزایی لە قورئان دا هەیە.

## فەرموودەی ١٣٤

قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ مَنْ زَارَ قَوْماً فَلَا يَؤُمُّهُمْ وَلْيَؤُمَّهُمْ رَجُلٌ مِنْهُمْ.

پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمویەتی: کەسێ سەردانی کۆمەڵێ خەلکی کرد با ئەو پێش نوێژی بۆ ئەو کۆمەلە نەکات با یەکێک لە خۆیان پێش نوێژەکە بکات .

## فەرموودەی ١٣٥

قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ الأَبْعَدُ فَالْأَبْعَدُ مِنَ الْمَسْجِدِ أَعْظَمُ أَجْرًا.

پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمویەتی: ئەوەی دوورە و ئەوەی دوورترە لە مزگەوت ئەوەیان پاداشتی گەورەترە لە لای خوا.

## فەرموودەی ١٣٦

**قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ : إِنَّ لَكُمْ بِكُلِّ خَطْوَةٍ دَرَجَةً.**

پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمویەتی: بۆ ئێوە هەیە بۆ هەر هەنگاوێ پلەیەک بەرز دەبێتەوە بەهۆی ڕۆیشـــتن بۆنوێژی جەماعەت.

## فەرموودەی ١٣٧

**قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ الْمَرْءُ فِي صَلَاةٍ مَا اِنتَظَرَهَا.**

پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمویەتی: مرۆڤ هەر جەند چاوەڕێی نوێژ بکات ئەوا بە نوێژ بۆی حیسابە لای خودا.

## فەرموودەی ١٣٨

**قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ إِنَّ الرَّجُلَ إِذَا صَلَّى مَعَ الْإِمَامِ حَتَّى يَنصَرِفَ كُتِبَ لَهُ قِيَامُ لَيْلَةٍ .**

پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمویەتی هەر کەســێ لەگەل ئیمام نوێژی ئەنجام دا بە جەماعەت هەتا دێتە دەرەوە پاداشـــتی شەو نوێژێکی بۆ دەنووسرێ.

## فەرمووودەی ١٣٩

**قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ مَنْ صَلَّى الْعِشَاءَ فِي جَمَاعَةٍ فَكَأَنَّمَا قَامَ نِصْفَ لَيْلَةٍ وَمَن صَلَّى الصُّبْحَ في جَمَاعَةٍ فَكَأَنَّما صَلَّى اللَّيْلَ كُلَّهُ.**

پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمویەتی هەرکەسێ نوێژی عیشا (خەوتنان) ی کرد بە جەماعەت وەکو تا نیوەی شەو شەو نوێژی کردبێ وە کەسێ نوێژی بەیانی بە جەماعەت کرد وەکو ئەم شەوە هەمووی شەونوێژی کردبێت وایە.

## فەرمووودەی١٤٠

**عَن عبدَ اللَّهِ بنِ عَبَّاسٍ (رضي الله عنه) قَالَ : كَانَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ يُصَلِّي عَلَى بِسَاطٍ .**

عەبداللەی کوری عەبباس(رضي الله عنه ) دەفەرموێ : پێغەمبَّەری خوا (ﷺ) لەسەر حەسیری بچوک نوێژی دەکرد.

## فەرموودەی ١٤١

**قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ كُلُّ صَلَاةٍ لَا يُقرَأُ فِيهَا بِأُمِّ الكِتَابِ فَهِيَ خِدَاجٌ .**

پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمویەتی هەموو نوێژێ فاتیحەی تیادا نەخوێندرێ ناتەواوە.

## فەرموودەی ١٤٢

**قَالَ رَسُولُ اللهِ ﷺ إِذَا سَجَدْتَ فَضَع كَفَّيْكَ وَارْفَعْ مِرْفَقَيْكَ**

پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمویەتی ئەگەر کرنۆشـت برد هەردوو ناو لەپت لە زەوی دانێ و هەردوو ئانیشکت بەرز بکەرەوە.

## فەرموودەی ١٤٣

**قَالَ رَسُولُ اللهِ ﷺ مَنْ أَدرَكَ مِنَ الصَّلَاةِ رَكْعَةً فَقَدْ أَدْرَكَ الصَّلَاةَ.**

پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمویەتی کەسێ بەیەک رکعەت گەیشت بە نوێژی جەماعەت ئەوا بەهەمووی راگەیشتووە.

## فەرموودەی ١٤٤

قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ مَن صَلَّى رَكْعَةً مِنَ الصُّبْحِ ثُمَّ طَلَعَتِ الْشَّمْسُ فَلْيُصِلِّ الصُّبْحَ .

پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمویەتی کەسێ بەرکعەتێک لەنوێژی بەیانی گەیشت و خۆر هەلات با نوێژەکەی تەواوبکات.

## فەرموودەی ١٤٥

قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ إِنَّ أَحَدَكُم إِذَا قَامَ يُصَلِّي إِنَّمَا يُنَاجِي رَبَّهُ فَلْيَنظُرْ كَيْفَ يُنَاجِيْهِ.

پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمویەتی کەسێک کە نوێژ دەکات گفتۆگۆ لەگەڵ خودا دا دەکات ئەوە با بزانێ چۆن گفتۆگۆی لەگەڵ پەروەردگاری دەکات .

## فەرموودەی ١٤٦

**قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ إِنَّ هَذِهِ الصَّلَاةَ لَا يَصْلُحُ فِيهَا شَيْءٌ مِن كَلَامِ النَّاسِ، إِنَّمَا هُوَ التَّسْبِيحُ وَالتَّكْبِيرُ وَقِرَاءَةُ الْقُرْآنِ.**

پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمویەتی ئەو نویژەی کە ئەنجـامی دەدەن نـاگونجێ قســەو باســی دونیا تیـادا بکرێ بەلکو تەسبیحات تەکبیرات و خویندنی قورئانە .

## فەرموودەی ١٤٧

**عَنْ أَنَسِ (رضي الله عنه) قَالَ : كَانَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) يُشِيْرُ فِي الصَّلَاةِ.**

ئەنەس ڕەزای خوای لێ بێت دەفەرموێ پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئەگەر لەنوێژدا بوایە ئیش هاتبا بەسەری بەدەست ئیشارەتی دەکرد .

## فەرموودەی ١٤٨

**قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ إِقرَأَ المُعَوِّذَاتِ فِي دُبُرِ كُلِّ صَلَاةٍ.**

پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمویەتی لەدوای هەموو نوێژەکان سورەتی (قُلۡ أَعُوذُ بِرَبِّ ٱلۡفَلَقِ وَ قُلۡ أَعُوذُ بِرَبِّ ٱلنَّاسِ ) بخوێنن.

## فەرموودەی ١٤٩

**عَن ثَوْبَانَ رَضِيَ الله عنه قَال: كَانَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ إِذَا اِنْصَرَفَ مِن صَلَاتِهِ اِسْتَغْفَرَ الله ثَلَاثًا ثُمَّ قَالَ: اللَّهُمَّ أَنْتَ السَّلَامُ وَمِنْكَ السَّلَامُ، تَبَارَكْتَ يَاذَا الْجَلَالِ وَالإِكْرَامِ.**

سەوبان دەفەرموێ : پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئەگەر نوێژی تەواو بکردبا سێ جاران ﴿اِسْتَغْفَرَ الله﴾ ی دەکرد و دەیوت (اللَّهُمَّ أَنْتَ السَّلَامُ وَمِنْكَ السَّلَامُ، تَبَارَكْتَ يَاذَا الجَلَالِ وَالإِكْرَامِ).

## فەرمووودەی ١٥٠

**جابرُ بنُ سَمُرَةَ رَضِيَ اللهُ عَنْه قَال: كَانَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ إِذَا صَلَّى الْغَدَاةَ جَلَسَ فِي مُصَلَّاهُ حَتَّى تَطْلُعَ الشَّمسُ.**

جابیری کوری سەمووره دەفەرمویٚ پێغەمبەری خوا (ﷺ) کە نویژی بەیانی دەکرد دادەنیشت لە شوێنی نوێژی خۆی تاکو خۆر هەڵدەهات.

## فەرمووودەی ١٥١

**عَن أَبُو بَكْرة رضِيَ اللهُ عنه قَالَ : كَانَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ: إِذَا جَاءَهُ أَمْرٌ يُسَرُّهُ بِهِ خَرَّ ساجدًا شُكراً للَّهِ تَعَالَى .**

ئەبو بەکر دەفەرموێ پێغەمبەری خوا (ﷺ) هەر کاتێ شتێکی کەیف خۆش بۆ هاتبا سەری نەوی دەکردو کرنۆش بۆ خودا دەبرد سوپاسگوزار بوو بۆ خوای گەورە.

## فەرموودەی ١٥٢

**قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ: إِذَا رَأَيْتُمْ آيةً فَاسْجُدُوا .**

پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرموێ ئەگەر نیشانەیەک لە نیشانەکانی خوای گەورەتان دیت ئەوا کرنۆش بۆ خوا بەرن.

## فەرموودەی١٥٣

**قَالَ رَسُولُ اللهِ ﷺ: أَحَبُّ الأَعْمَالِ إِلى اللهِ أَدْوَمُهَا وَإِنْ قَلَّ.**

پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمویەتی خۆشەویسترین کردەوە لەلای خوا ئەوەیە بەردەوام بیکەی و با کەمیش بێت .

## فەرموودەی ١٥٤

**قَالَ رَسُولُ اللهِ ﷺ: رَحِمَ اللَّهُ اِمرِءاً صَلَّى قَبلَ العَصْرِ أَربَعاً.**

پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمویەتی ڕەحمەتی خوا لەو مرۆڤەی لە پێش نوێژی عەسر چوار ڕەکعەت نوێژی سوننەت بکات.

## فەرموودەی ١٥٥

**قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ: مَنْ حَافَظَ عَلَى أَربَعِ رَكَعَاتٍ قَبلَ الظُّهرِ وَأَرْبَعٍ بَعْدَهَا حُرِّمَ اللَّهُ عَلَى النَّارِ .**

پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمویەتی: کەسێ پارێزگاری لەسەر چوار رەکعەت سوننەتی پێش نیوەڕۆ و چواری لە دوایی دا بکات خوای گەورە لاشەی لەسەر ئاگری دۆزەخ حەرام دەکات.

## فەرموودەی ١٥٦

**قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ: مَا مِنْ صَلَاةٍ مَفْرُوضَةٍ إِلَّا وَبَيْنَ يَدَيْهَا رِكْعَتَانِ .**

پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمویەتی: هەر نوێژێکی فەرز سوننەتێکی دوو رەکعەتی لە پێش دا هەیە.

## فەرمووودەی ١٥٧

**قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ: أَفْضَلُ الْصَّلَاةِ صَلَاةُ الْمَرْءِ فِي بَيْتِهِ إِلَّا الْمَكْتُوبَةَ .**

پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمویەتی بەرێزترین نوێژ ئەو نوێژەیە کە ئادەمی لە مالەوە بیکات تەنها نوێژە فەرزەکان نەبێت ئەویش بەجەماعەت لە مزگەوت ئەنجامی بدات .

## فەرمووودەی ١٥٨

**قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ: صَلَاةُ الْقَاعِدِ نِصْفُ صَلَاةِ الْقَائِمِ .**

پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمویەتی نوێژی بە دانیشتن نیوەی خێری نوێژی بەراوەستاوی هەیە.

## فەرموودەی ١٥٩

**قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ: صَلِّ قَائِماً فَإِنْ لَم تَسْتَطِعْ فَقَاعِداً فَإِنْ لَم تَسْتَطِعْ فَعَلَى جَنْبٍ .**

پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمویەتی : بە پێوە نوێژەکە ئەنجام بدە ئەگەر نەت توانی ئەوە بە دانیشتن ئەنجام بدە وە ئەگەر نەت توانی ئەوا لەسەر هەرلایەک بێت دروستە.

## فەرموودەی ١٦٠

**قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ: رَكْعَتَانِ الْفَجْرِ خَيْرٌ مِنَ الدُّنْيَا وَمَا فِيْهَا.**

پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمویەتی : ئەو دوو رکعەتە نوێژەی سوننەتی پێش نوێژی بەیانی باشترە لە دونیا و ئەوەی لەناوی دایە.

## فەرموودەی ١٦١

**قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ: شَرَفُ الْمُؤمِنِ صَلَاتُهُ بِاللَّيلِ، وَعِزُّهُ اِسْتِغْنَاؤُهُ عَمَّا فِي أَيْدِي النَّاسِ .**

پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمویەتی : شەرەف و گەورەیی ئیماندار لە شەو نوێژەی بە دەستی دەکەوێ وە سەربەرزی دەست دەکەوێ لەوەی چاوی لەدەستی خەلکی نەبێت .

## فەرموودەی ١٦٢

**قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ: إِذَا رَاحَ أَحَدُكُمْ إِلَى الْجُمُعَةِ فَلْيَغتَسِل.**

پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمویەتی ئەگەر کەسێک چوو بۆ نوێژی هەینی با لە پێشدا خۆی بشوات.

## فەرموودەی ١٦٣

**عَن مُوغيرَةَ (رضي الله عنه) أَنَّ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ: كَانَ يَقُومُ مِنَ اللَّيْلِ حَتَّى تَتَفَطَّرَ قَدَمَاهُ .**

موغیرە (رضي الله عنه) دەفەرموێ : پێغەمبەری خودا (ﷺ) ئەوەندە شەو نوێژی دەکرد تا پێیەکانی ئەستور دەبوو.

## فەرموودەی ١٦٤

**قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ: صَلاَةُ اللَّيْلِ مَثْنَى مَثْنَى وَالْوِتْرُ رَكْعَةٌ مِنْ آخِرِ اللَّيْلِ .**

پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمویەتی شەو نوێژ دوو رەکعات دوو رەکعاتە وە نوێژی وەتریش یەک رەکعاتە لەکۆتایی شەوا .

## فەرموودەی ١٦٥

**عَنْ عَائِشَةَ رَضِيَ اللهُ عَنهَا أَنَّ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) كَانَ يَنَامُ أَوَّلَ اللَّيْلِ وَيُحْيِي آخِرَهُ .**

عائیشە خان (رَضِيَ اللهُ عَنهَا ) دەفەرمێ : پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە سەرەتای شەوەوە دەنوست و دوای لە کۆتایی شەودا هەلدەستاو شەونوێژی دەکرد.

## فەرموودەی ١٦٦

**قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ: إِذَا كَانَ يومَ الجُمُعَةِ وَلَيْلَةَ الْجُمُعَةِ فَأَكْثِرُوا الصَّلَاةَ عَلَيَّ .**

پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمویەتی لە شەو و رۆژی هەینی دا زۆر سەلاواتم لە سەر لێ بدەن.

## فەرمووودەی ١٦٧

قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ: مَنْ أَدرَكَ مِنَ صَلَاةِ الجُمُعَةِ رَكعَةً فَقَدْ أَدرَكَ الصَّلَاةَ .

پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرموێ کەســـێ بە رکعەتێـک لە نوێژەی هەینی رابگا ئەوا بە نوێژەکە راگەیشتووە.

## فەرمووودەی ١٦٨

قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ: مَنْ تَخَطَّى رِقَابَ النَّاسِ يَومَ الجُمُعَةِ اِتُّخِذَ جِسراً إِلَى جَهَنَّمَ.

پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرموێ کەسێ بەسـەر شـان و ملی خەلکی دا باز بدات لە رۆژی هەینی ئەوا وەکو ئەوە وایە کە پردێکی دروست کردبێ بۆ ناو ئاگری دۆزەخ .

## فەرموودەی١٦٩

**عَنْ جَابِرِ بنُ عَبدِ اللَّهِ ( رَضِيَ اللهُ عنهما) قَالَ : أَنَّ النَّبيَّ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم كَانَ إِذَا صَعِدَ الْمِنبَرَ سَلَّمَ.**

جـابری کوری عبـدالله رەزای خوایـان لێ بێـت دەفەرموێ پێغەمبەری خوا (ﷺ) کە دەچووە سـەر مینبەر بۆ وتار سـلاوی دەکرد .

## فەرموودەی ١٧٠

**عَن جَابِرِ بنِ سَمُرَةَ قَالَ : كَانَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيهِ وَسَلَّمَ لَا يُطِيلُ المُوعِظَةَ يَومَ الْجُمُعَةِ**

جابیری کوری سـەموره (رَضِـي اللهُ عَنْه )فەرمووی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ووتاری رۆژی هەینی کورت دەکردەوە.

## فەرموودەی ١٧١

**عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (رضي الله عنه) قَالَ: أَنَّ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ: كَانَ إِذَا خَرَجَ يَومَ العِيدِ فِي طَرِيقٍ رَجَعَ فِي غَيْرِهِ .**

ئەبو هورەیرە (رضـــي الله عنه) دەفەرموێ پێغەمبەری خوا (ﷺ )ئەگەر بە ریگایەک دا بچوایە بۆ مزگەوت لە رۆژی چەژن بە ریگایەکی تر دەگەرایەوە .

## فەرموودەی ١٧٢

**عَن جَابِرِ بنِ سَمُرَةَ قَالَ : كَانَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيهِ وَسَلَّمَ لَا يَؤَذَّنُ لَهُ فِى العِيدَينِ .**

جابیری کوری سـەموره (رَضِـــي اللّهُ عَنْه )دەفەرموێ پێغەمبەری خوا (ﷺ) بانگ و قامەتیان بۆ نەدەکرد لە رۆژانی هەردوو جەژن لە جیاتی بەنگ و قامەت دەیان ووت ( الصَّلَاةُ جَامِعَةٌ ) .

## فەرموودەی ١٧٣

عَن عبدُ اللهِ بنُ عُمَرَ أنَّ النَّبيَّ صلَّى اللهُ عليه وسلَّمَ كَانَ يُكَبِّرُ يومَ الفِطْرِ مِنَ حِينِ يَخْرُجُ مِنْ بَيتِه حَتَّى يَأْتِيَ المُصَلَّى .

عبدالله کوری عمر دەفەرموێ پێغەمبەری خوا (ﷺ )دەستی بە (اللـه أکبر ) دەکرد لە رۆژی چەژنی رەمەزان لەماڵەوە تاکو شوێنی ئەنجام دانی نوێژی جەژن.

## فەرموودەی ١٧٤

قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ: إِذَا سَافَرْتُمَا فَأَذِّنَا وَأَقِيْمَا وَلْيَؤُمَّكُمَا أَكْبَرُكُمَا.

پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرموێ ئەگەر لەسەفەر دا بوون بانگ و قامەت بکەن و کامتتان بە تەمەنترە با ئەو پێش نوێژەکە بکات .

## فەرموودەی ١٧٥

قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ: صَلَاةُ الضُّحَى صَلَاةُ الأَوَّابِيْنَ .

پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرموێ نوێژی چیشـــتەنگـاو نوێژی تۆبەکارانە .

## فەرموودەی ١٧٦

قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ: مَنْ صَلَّى الضُّحَى أَرْبَعًا، وَقَبْلَ الْأُولَى أَرْبَعًا بُنِيَ لَهُ بَيْتٌ فِي الْجَنَّةِ .

پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرموێ کەســێ چوار رەکعەت نوێژی چیشــتەنگاو بکات وە چواریش پێش نوێژی نیوەڕۆ بکات ئەوا خانوویەکی لە بەهەشت بۆدروست دەکات.

## فەرموودەی ١٧٧

عَن أَسمَاءُ بِنتُ أَبِي بَكرٍ رَضيَ اللهُ عنهما أنَّ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ: كَانَ يَأْمُرُ بِالعَتَاقَةِ فَي صَلَاةِ الْكُسُوفِ .

خاتوو ئەســما دەفەرموێ پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە کاتی نوێژی خۆرِ گیڕاندا فەرمانی دەکرد بە بەندە ئازادکردن

## فەرمووده‌ی ١٧٨

عن عبدِ اللَّهِ بنِ عمر قالَ : كَانَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيهِ وَسلَّمَ إِذَا اِستَسقَى قَالَ : اللَّهُمَّ اِسقِ عِبادَكَ وَبَهائِمَكَ وَاِنشُرْ رَّحْمَتَكَ وَأَحيِي بَلَدَكَ الْمَيِّتَ .

عبـداللەی کوری عمر دەفەرموێ پێغەمبەری خوا (ﷺ)کە نوێژی باران بارینی دەکرد دەیفەرمووو (خوا گیان بەندەکانت و گیانەوەرانت تێر ئاو بکە و رەحمەت و بە زەییت بلاوە پێ بدە وە زەوی مردو زیندوو بکەرەوە ).

## فەرمووده‌ی ١٧٩

قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ: اِثْنَتَانِ يُكْرَهُهمَا اِبنُ آدَمَ: يَكْرَهُ المَوْتَ وَالْمَوْتُ خَيْرٌ لَهُ مِنَ الفِتْنَةِ وَيَكْرَهُ قِلَّةَ المَالِ وَقِلَّةُ المَالِ أَقَلُّ لِلْحِسَابِ .

پێغەمبەری خوا (ﷺ)دەفەرموێ  دوو شت هەن نەوەی ئادەم پێی ناخۆشە : رقی لە مردنە و مردنیش بۆی باشترە لە بەلاو فیتنە ، وە رقی لە کەمی مال و ســـامانە وە کەمی مال و ســـامانیش دەبێتە هۆی کەمی لێپرســـینەوەو حیســـاب لەسەری.

## فەرمووودەی ١٨٠

**قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ : خِيَارُكُم أَطْوَلُكُم أَعْمَاراً وَ أَحْسَنُكُمْ أَعمَالًا .**

پێغەمبەری خوا (ﷺ )دەفەرموێ : چاکترینتان ئەو کەســـانەیە کەتەمەنی درێژ بێیت و کردەوەی باش بێت .

## فەرمووودەی ١٨١

**قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ : (إِذَا حَضَرْتُمُ الْمَيِّتَ فَقُولُواْ خَيْراً فَإِنَّ الْمَلَائِكَةَ يُؤَمِّنُونَ عَلَى مَا تَقُولُونَ ) .**

پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرمووێ :(ئەگەر لەلای یەکێـک بوو لەگـیـانە دان دابـوو ئەوا دوعــای خێـری بـۆبکەن چـونکە فریشتەکانی خوا ئامین لەسەر دوعای ئێوە دەکەن).

## فەرمودەی ١٨٢

**قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ : إِنَّ الْرُّوحَ إِذَا قُبِضَ تَبِعَهُ الْبَصَرُ .**

پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرمووێ : ئەگەر گیان دەرچوو لە لاشە ئەوا چاویش بەدوای دا دەکەوێ تەماشای دەکات .

## فەرمودەی ١٨٣

**قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ : أَرْبَعٌ بِقِينَ فِي أُمَّتِي مِنْ أَمْرِ الْجَاهِلِيَّةِ لَيْسُواْ بِتَارِكِيْهَا: الْفَخْرُ بِالأَحْسَابِ وَالْطَّعْنُ بِالأَنْسَابِ وَالإِسْتِسْقَاءُ بِالنُّجُومِ وَالْنِّيَاحَةُ عَلَى الْمَيِّت، وَ إِنَّ الْنَّائِحَةَ إِذَا لَمْ تَتُبْ قَبْلَ الْمَوتِ جَاءَتْ يَومُ الْقِيَامَةِ عَلَيْهَا سِرْبَالٌ مِنْ قَطِرَانٍ وَ دِرْعٌ مِن لَهَبِ الْنَّارِ .**

پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێ: چوار شـــت هەن لەئوممەتی من هەردەمێنن و لەکردەوەی نەزانی پێشـــووە کە ئەوانیش فەخر و شـانازی بە بنەماڵەو رەچەڵەک و تەفرەدان لەبنەماڵەی خەڵکی و داوای باران بارین و لە ئەستێرەکردن و شیوەن گێڕی بۆ مردوو ،وە دەفەرموێ ئەوەی شـــیوەن دەگێڕێ بۆ مردوو ئەگەر لەپێش مردن تۆبە نەکات ئەوا لەڕۆژی دوایی دا کراسـی لە قەترانی و زرێ پۆش دەکرێ لەبڵێسەی ئاگر).

## فەرمودەی ١٨٤

**قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ : لَيْسَ مِنَّا مَنْ سَلَقَ وَمَنْ حَلَقَ وَمَنْ خَرَقَ .**

پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرمووێ : ئەوکەسە لەئێمە نیە کە شیوەن و ڕۆڕۆ (سەردۆڵکە)بۆ مردوو دەڵێت و وە مووی سەری خۆی دەربێنێ و جلی خۆی دادڕێ بۆ مردوو .

## فەرمودەی ١٨٥

**قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ : إِنَّ لِلْمَوتِ فَزَعاً فَإِذا رَأَيتُم جَنَازَةً فَقُومُواْ.**

پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرموێ : مردن ترس و بیمی هەیە وە ئەگەر مردوتان دیت ئەوا بۆی هەلسن.

## فەرمودەی ١٨٦

**قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ : إِذا أَجْمَرْتُمُ الْمَيِّتَ فَأَجْمِرُوهُ ثَلاَثاً .**

پێغەمبەری خوا(ﷺ)دەفەرموێ:( ئەگەر بۆنی خۆشتان بەسەر مردودا پرژاند ئەوا با سێ جار بێت).

## فەرمودەی ١٨٧

**قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ : مَا مِن أَرْبَعِينَ مِن مُؤْمِنٍ يَسْتَغْفِرُونَ لِمُؤْمِنٍ إِلاَّ شَفَّعَهُمُ اللهُ فِيْهِ .**

پێغەمبەری خوا (ﷺ)دەفەرموێ: ئەگەر ئیمانداری مرد وەچل کەس لەئیمانداران داوای لێخۆش بونیان بۆ کرد ئەوا خوای گەورە ئەوان دەکات بەتکاکار بۆی .

## فەرموودەی ١٨٨

**قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ : عُودُواْ الْمَرِيْضَ وَاتَّبِعُواْ الْجَنَازَةَ تُذَكِّرْكُمْ الآخِرَةَ .**

پێغەمبەری خوا (ﷺ)دەفەرمویٚ : سەردانی نەخۆش بکەن و بە دوای تەرمی مردوان دا بڕۆن کە دەبێتە هۆی وە بیر هاتنەوەی ڕۆژی دوایی.

## فەرموودەی ١٨٩

**قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ : لَأَنْ أَطَأَ عَلَى جَمْرَةٍ أَحَبُّ إِلَيَّ مِنْ أَنْ أَطَأَ عَلَى قَبْرِ .**

پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرمویٚ : ئەگەر لە سەر پشکۆیەک لە ئاگر دابنیشم پێم خۆشترە نەک لەسەر سنگی گۆڕێک دانیشم.

## فەرموودەی ١٩٠

**قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ : إِنَّ كَسْرَ عَظْمِ الْمُسْلِمِ مَيْتاً كَكَسْرِهِ حَيّاً.**

پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمویەتی : شکاندنی ئێسقانی موسلمان بە مردووبی وەکو شکاندنیەتی بە زیندووی.

## فەرموودەی١٩١

**قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ : لاَ تَدْفُنُواْ مَوْتَاكُمْ بِاللَّيْلِ إِلاَّ أَنْ تَضْطَرُّواْ.**

پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرمویەتی : مردوەکانتان بەشەو مەنێژن مەگەر لەبەر ناچاری نەبێت.

## فەرموودەی١٩٢

**عَن عبدُ اللهِ بنُ عمرَ رَضِي اللهُ عَنهما: كَانَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ : إِذَا وَضَعَ الْمَيِّتَ فِي لَحْدِهِ قَالَ بِسْمِ اللهِ وَبِاللهِ وَفِي سَبِيْلِ اللهِ وَعَلَى مِلَّةِ رَسُولِ اللهِ .**

عەبداللەی کوڕی عومەر دەفەرموێ: پێغەمبەر(ﷺ) ئەگەر مردووی بناشتبایە بی خستبایە ناو گۆڕەوە دەیفەرموو بەناوی خوا وە لەسەر ڕێگەی خودا وە لەسەر سوننەتی پێغەمبەری خوا.

## فەرموودەی ١٩٣

**قَالَ رَسُولُ اللّهِ ﷺ : اِسْتَغْفِرُوا لِأَخِيْكُمْ وَسَلُوا لَهُ الْتَّثْبِتَ فَإِنَّهُ الآنَ يُسْأَلُ.**

پێغەمبەری خوا( ﷺ ) دەفەرموێ: داواى لێخۆشـــبوون بۆ براى خۆتـان (مردوو)ەكە بكەن و داواى دڵ جێگیر بوونی (الثبـات)ى بۆ بكەن چونكە ئێستا لێپرسینەوەی لەگەڵ دا دەكرێ .

## فەرموودەی ١٩٤

**عَنْ جَابِرَ (رضي الله عَنْهُ) قَالْ : إِنَّ النَّبيَ(ﷺ) نَـهَى أَنْ يُكْتَبَ عَلَى الْقَبْرِ شَيءُ.**

جـابر (رضي الله عَنْهُ) دەفەرموێ: پێغەمبەری خوا (ﷺ) نەهی كردووە گۆڕ نووسینی لەسەر بكرێت .

## فەرموودەی ١٩٥

**قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) : نَهَيْتُكُمْ عَنْ زِيَارَةِ الْقُبُورِ فَزُورُوهَا فَإِنَّ لَكُمْ فِيْهَا عِبْرَةً.**

پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرمویٚ: من لە هەوەڵەوە قەدەغەم کردوون سەردانی گۆڕستان بکەن بەڵام لەوەو پاش سەردانی گۆڕستان بکەن چونکە بەهۆی ئەوەوە پەندی لێوەردەگرن .

## فەرموودەی ١٩٦

**قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) : إِنَّ الَّذِي لايُؤَدِّي زَكَاةَ مَالِهِ يُمَثَّلُ إِلَيْهِ مَالُهُ يَومَ الْقِيَامَةِ شُجَاعاً أَقْرَعَ لَهُ زَبِيْبَتَانِ فَيَلْزَمُهُ أَوْ يُطَوِّقُهُ يَقُولُ أَنَا كَنْزُكَ أَنَا كَنْزُكَ .**

پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرمویٚ : ئەو کەسەی زەکات لە ماڵ و ســـامانی دەرناکات لە رۆژی دواییدا ئەم ماڵە بۆی دەبێتە نێرە مارێکی کەچەڵ دوو شـــاخی ڕەش بەســـەرچاوەکانیەوە هەن و خۆی لێدەئاڵێنێ و پاشـــان بەهەردوو کەڵبەی گازی لێدەگرێ و پێی دەڵێت من ماڵ و ســـامانەکەتم من ماڵ و سامانەکەتم .

## فەرموودەی ١٩٧

**قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) : لَمْ يَمْنَعْ قَومٌ زَكَاةً أَمْوَالَهُمْ إِلاَّ مُنِعُواْ الْقَطْرَ مِنَ الْسَّاءِ وَلَولاَ الْبَهَائِمُ لَمْ يُمْطَرُواْ .**

پێغەمبەري خوا ﷺ دەفەرموێ هەر گەلێ زەكـاتى مـاڵى خوايان قەدەغەكرد و نەيان دا ئەوا نزيكە خواي گەورە بارانيان لەســەر قەدەغە بكات وە ئەگەر لەبەر گيان لەبەران نەبوايە خواي گەورە بە يەكجاري باراني نابارانـد .

## فەرموودەی ١٩٨

**قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) : مَانِعُ الْزَّكَاةِ يَومَ الْقِيَامَةِ فِي الْنَّارِ.**

پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمويەتی ئەوەی زەكات قەدەغە دەكات نايدات لە رۆژی قيامەتدا خواي گەورە دەيخاتە ناو دۆزەخ .

## فەرموودەی ١٩٩

**قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) : لاَ تُطْعِمُواْ الْمَسَاكِينَ مِمَّا لاَ تَأْكُلُونَ.**

پێغەمبەر (ﷺ) فەرمويەتی ئەوخواردنە مەدەن بەهەژاران كە خۆتان نايخۆن {لەبەر بێ كەڵكی}

## فەرموودەی ٢٠٠

**قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) :إِنَّ اللهَ حَرَّمَ عَلَيَّ الصَّدَقَةَ وَ عَلَى أَهْلِ بَيْتَي.**

پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرموێ : خوای گەورە زەکاتی لەسەر خۆم و مال و خێزانم حەڕام کردووە .

## فەرموودەی ٢٠١

**قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) :إِذَا أَعْطَى اللهُ أَحَدَكُمْ خَيْرَاً فَلْيَبْدَأْ بِنَفْسِهِ وَأَهْلُ بَيْتِهِ .**

پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرموێ: ئەگەر خوا بەخشــــشــــێکی چاکی بە ئێوە بەخشـــی با لە خۆیەوە دەســـتی پێ بکات و بیدات بە ماڵ و مناڵەکانی .

## فەرموودەی ٢٠٢

**قَالَ رَسُولُ اللّهِ (ﷺ):أَرْبَعَةُ دَنَانِيْرٍ: دِيْنَارٌ أَعْطَيْتَهُ مِسْكِيْنَاً وَ دَيْنَارٌ أَعْطَيْتَهُ فِي رَقَبَةٍ وَ دِيْنَارٌ أَنْفَقْتَهُ فِي سَبِيْلِ اللّهِ وَ دِيْنَارٌ أَنْفَقْتَهُ عَلى أَهْلِكَ، أَفْضَلُهَا الَّذِي أَنْفَقْتَهُ عَلى أَهْلَكَ.**

پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرموێ:چوار دینارت هەبێ،وە دیناری ببەخشی بۆ هەژارێک وە دینارێک بۆ ئازاد کردنی بەندەیەک و دینارێک ببەخشی لە پێناوی خودا وە دینارێکی تر سەرفی بکەی بۆ ماڵ و مناڵت ، بەڕێزترینیان ئەوەیە کە سەرفی بکەی بۆ ماڵ و مناڵت.

## فەرموودەی ٢٠٣

**قَالَ رَسُولُ اللّهِ (ﷺ):يَقُولُ اللّهُ عَزَّ وَجَلَّ :أَنْفَقْ أُنْفِقْ عَلَيْكَ.**

پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرموێ:خوای گەورە (جلَّ جَلَالَهُ) لە فەرموودەی قودسیدا دەفەرموێ ئەی نەوەی ئادەم ماڵ ببەخشە و بە چەندان قات پێت دەبەخشینەوە .

## فەرموودەی ٢٠٤

**قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ):كُلُّ اِمْرِيءٍ فِي ظِلِّ صَدَقَتِهِ حَتَّى يُقْضَى بَيْنَ النَّاسِ.**

پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرموێ: هەموو کەسێک لە ژێر سێبەری خێر و سەدەقەکەیدایە لە ڕۆژی قیامەت تا خوای گەورە دادوەری لە نێوانیان دەکات.

## فەرموودەی ٢٠٥

**قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ):لَوْ كَانَ لِي مِثْلُ أُحُدٍ ذَهَبً لَسَرَّنِي أَنْ لاَّ يَمُرَّ عَلَيَّ ثَلاَثٌ وَ عِنْدِي مِنْهُ شَيءٌ أَرْصُدُهُ لِلْدَّيْنِ .**

پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرموێ: ئەگەر بەقەد کێوی ئوحود ئاڵتونم هەبوایە و پێم خۆش بوو سێ شەوم بەسەردا تێنەپەڕێت هەتا هەمووی ببەخشم بۆ دانەوەی قەرزی خەڵکی کە لەسەرم بێت .

## فەرموودەی ٢٠٦

**قَالَ رَسُولُ اللَّه (ﷺ):الصَّدَقَةُ عَلَى الْمِسْكِيْنِ صَدَقَةٌ وَهِيَ عَلَى ذِي الرَّحِمِ إِثْنَتَانِ صَدَقَةٌ وَ صِلَةٌ.**

پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرموێ:خێر و سەدەقە بەخشین بۆ هەژاران یەک بە یەک حیسابە بەڵام بەخشین بە خزم و خوێش بە دوو حیسابە.

## فەرموودەی ٢٠٧

**قَالَ رَسُولُ اللَّه (ﷺ):مَا تَصَدَّقَ أَحَدٌ بِصَدَقَةٍ مِنْ طَيِّبٍ وَلَا يَقْبَلُ اللهُ إِلَّا الطَّيِّبَ إِلَّا أَخَذَهَا الرَّحْمَنُ بِيَمِيْنِهِ وَ إِنْ كَانَتْ تَمْرَةً فَتَرْبُو فِي كَفِّ الرَّحْمَنِ حَتَّى تَكُونَ أَعْظَمُ مِنَ الْجَبَلِ كَمَا يُرَبِّى أَحَدُكُمْ فَلْوَةُ أَوْ فَصِيلَهُ.**

پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرموێ:کەسێ کە خێر و سەدەقەیەکی بەخشی با لە ماڵێکی پاک ببەخشێ خوای گەورەش ئەوەی پاک نەبێ وەری ناگرێت وە ئەگەر پاک بوو وەری دەگرێت بە دەستی ڕاستی خۆی ، ئەگەر بەقەد دەنکە خورمایەکیش بێت ئەوا لەناو لەپی قودرەتی خوای گەورە گەورە دەبێت و زیاد دەکات هەتا وای لێ دێت لە کێوێک گەورەتر دەبێت هەرووەک چۆن یەکێکتان بێچووە ماینەکەی یان ووشترەکەی پەروەردە دەکات و گەورە دەبێت.

## فەرموودەی ٢٠٨

**قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): يَا مَعْشَرَ التُّجَّارِ إِنَّ هَذَا الْبَيْعَ يَحْضُرُهُ اللَّغْوُ وَ الْحِلْفُ فَشوِّبُوهُ بِالصَّدَقَةِ .**

پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرموێ:ئەی گەلی بازرگانان ئەو کڕینە و فرۆشتنەی ئێوە قسەی نابەجێ و سوێندی زۆری لەسەر دەخۆن ، بەرەکەتی تیادا کەم دەبێتەوە ، خاوێنی بکەنەوە بە خێر و بەخشین بۆ خوا.

## فەرموودەی ٢٠٩

**قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) لَيْسَ الْغِنَى عَنْ كَثْرَةِ الْعَرَضِ وَ لَكِنَّ الْغِنَى غِنَى النَّفْسِ .**

پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرموێ: دەوڵەمەندی ئەوە نیە کە ماڵ و سامانی زۆر بێت بەڵکو دەوڵەمەندی ئەوەیە کە دڵی دەوڵەمەند بێت.

## فەرموودەی٢١٠

## قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): يَا مَعْشَرَ النِّسَاءِ تَصَدَّقْنَ وَلَوْ مِنْ حُلِيِّكُنَّ فَإِنَّكُنَّ أَكْثَرُ أَهْلِ جَهَنَّمَ يَوْمَ الْقِيَامَةَ.

پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرموێ: ئەی گەلی ئـافرەتـان خێرو ماڵ بەخشین بکەن هەتا ئەگەر بەو خشڵەی بۆخۆتان بەکاری دێـنـن چـونـکە مـن بـیـنـیـومە زۆربەی هەرە زۆری دۆزەخ لەئافرەتانن

## فەرموودەی ٢١١

## قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ):فِي الْكَبِدِ الْحَارَّةِ أَجْرٌ .

پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرموێ:(هەر گیـانـدارێ زیـنـدوو،تێر ئاوی بکەی خێر وپاداشت پێدەدرێتەوە.

## فەرموودەی٢١٢

**قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): إِنَّ اللهَ تَعَالَى يُبْغِضُ الْسَّائِلَ الْمُلْحِفَ .**

پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرموێ: خوای گەورە بەزۆری رقی لەو دەرۆزەکەرەی زۆر سواڵ دەکات .

## فەرموودەی٢١٣

**قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ):مَنْ سَألَ مِنْ غَيْرِ فقْرٍ، فَكَأَنَّمَا يَأْكُلُ الْجَمْرَ .**

پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرموێ: کەســێ ســواڵ بکات و دەرۆزە بکات پێویستی پێ نەبێت ئەوە وەکو پشکۆی ئاگری خواردبێ وایە .

## فەرموودەی٢١٤

**قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): مَنْ يَتَكَفَّلُ لِي أَنْ لاَيَسْأَلَ الْنَّاسَ شَيْئاً أَتَكَفَّلُ لَهُ بِالْجَنَّةِ .**

پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرموێ: کەســێ کەفالەتم بکات کەداوای هیچ شــتێ لە خەڵـک نەکات منیش کەفالەتی بەهەشتی بۆدەکەم .

## فەرموودەی٢١٥

**قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): إِنَّ صَاحِبَ الْمُكْسِ فِي الْنَّارِ .**

پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرموێ: ئەوەی ماڵ و ســامانی خەڵکی بەناحەق بۆ خۆی گل بداتەوە ئەوا دەچێتە ئاگری دۆزەخ .

## فەرمودەی٢١٦

**قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): إِنَّ الْسُحُورَ بَرَكَةٌ أَعْطَاكُمُوهَا اللهُ فَلاَ تَدَعُوهَا .**

پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرموێ: پارشــێوکردن بەرەکەتێکە خوای گەورە پێی بەخشیون و وازی لێ مەیەنن .

## فەرمودەی٢١٧

قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ: تَسَحَّرُواْ وَلَوْ بِالْمَاءِ .

پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرموێ: پارشـــێو بکەن با بە قومێ ئاویش بێت .

## فەرمودەی٢١٨

قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): الْصَّائِمُ الْمُتطَوِّعُ أَمِيْرُ نَفْسِهِ إِنْ شَاءَ صَامَ وَ إِنْ شَاءَ أَفْطَرَ .

پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرموێ: ئەوەی بەڕۆژووە رۆژووی سوننەت،سەرداری نەفسی خۆیەتی ئەگەر حەزیکرد بابەڕۆژوو بێت وە ئەگەرنا بابیشکێنێ .

## فەرمووودەی ٢١٩

قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): إِنَّ اللهَ تَعَالَى وَمَلاَئِكَتَهُ يُصَلُّونَ عَلَى الْمُتَسَحِّرِيْنَ .

پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرموێ: خواو فریشـــتەکـانی خوا سەلاوات لەسەر ئەوانەی پارشێو دەکەنەوە لێدەدەن .

## فەرموودەی ٢٢٠

**قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ):الْصِيَامُ جُنَّةٌ وَحِصِيْنٌ حَصِينٌ مِنَ الْنَّارِ.**

پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرموێ: ڕۆژوو دەبێتە قەڵاو پارێزەر و قەڵغان بۆ ئەوانەی بەڕۆژوون لەئاگری دۆزەخ .

## فەرموودەی ٢٢١

**قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ مَنْ صَامَ يَومَ عَرَفَةَ غفَرَ اللهُ لَهُ سَنَتَيْنَ سَنَةً أمَامَهُ وَسَنَةً خَلْفَهُ .**

پێغەمبەری خوا (ﷺ ) دەفەرموێ (کەسـێ ڕۆژی عەرەفە بە ڕۆژوو بێت خوای گەورە لە گوناهی دوو سـاڵی دەبورێت، ساڵێکی بیشوو و ساڵێکی پاشی).

## فەرموودەی ٢٢٢

قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ مَنْ لَمْ يُبَيِّتِ الْصِيَامَ قَبْلَ طُلُوعِ الْفَجْرِ فَلاَ صِيَامَ لَهُ .

پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرموێت کەسێ لە نیەتی نەبێ و بەتەمای ڕۆژوو بێت تاکو پێش بەیانی بوون ئەگەر بەڕۆژوو بێت ڕۆژووە کەی دروست نیە.

## فەرموودەی ٢٢٣

قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ مَنْ مَاتَ عَلَيْهِ صِيَامٌ صَامَ عَنْهُ وَلِيُّهُ.

پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرموێ کە سێ بمرێ رۆژووی مانگی ڕەمەزانی لە سەر بێت با خزمە نزیکەکانی بۆی بەڕۆژوو بن.

## فەرموودەی ٢٢٤

قَالَ رَسُولُ اللهِ ﷺ لا يَفْطُرُ مَنْ قَاءَ وَلَا مَنْ اِحْتَلَمَ وَلَا مَنِ اِحْتَجَمَ .

پێغەمبەری خوا (ﷺ ) دەفەرموێ ئەمانە ڕۆژوو بە تاڵ ناکەنەوە کەسێ بێ دەستی خۆی ڕشانەوەی هات وەیان لەش گران بوو یان کەڵە شاخی گرت. خوێنی لەلەشی بەردا .

## فەرموودەی ٢٢٥

عَن أَنَس ابْنِ مَالِك رَضى اللّهُ عَنْه قَالَ : كَانَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ يَبْدَأْ إِذَا أَفْطَرَ بِالْتَّمْرِ .

ئەنەسی کوری مالیک (ڕە زای خوای لێ بێت) دەفەرموێ: پێغە مبە ری خوا (ﷺ )یەکەم جار بە دەنکە خورما ڕۆژووی دەشکاند.

## فەرموودەی ٢٢٦

**قَالَ رَسُولُ اللّهِ ﷺ لاتَصُومُواْ قَبْلَ رَمَضَانَ وَصُومُواْ لِرُؤْيَتِهِ وَأَفْطِرُواْ لِرُؤْيَتِهِ فَإِنْ حَالَتْ دُونَهُ غَيَامَةٌ فَأَكْمِلُواْ ثَلاَثِيْنَ يَومَاً .**

پـــێـــغەمـــبەری خـــوا (ﷺ) دەفەرمـــوێ پـــێـــش ڕەمەزان بەڕۆژوو مەبن وە بەڕۆژوو بن ئەگەر مانگتان دیت و بیکەن بەجەژن ئەگەر مانگی شـــەوالتان دیت وە ئەگەر ئـاســـمـان تەم و مژبوو ئەوا ســێ ڕۆژ بژمێرن وبیکەن بەڕەمەزان.

## فەرموودەی ٢٢٧

**عَن أَنَسِ ابْن مَالِك رَضِى اللهُ عَنْه قَالَ : كَانَ رَسُولُ اللّهِ ﷺ لايُصَلِّى الْمَغْرِبَ حَتَّى يُفْطِرُ وَلَوْ عَلَى شَرَبَةٍ مِنَ الْمَاءِ.**

ئەنەســـی کوڕی مـالیـک (خوا لێی ڕازی بێـت) دەفەرموی: پێغەمبەری خوا (صـــلی الله علیه وســـلم ) هەتا ڕۆژووی نەشکاندبا نوێژی مە غریی نەدەکرد ئەگەربە قومێک ئاویش بوایە.

## فەرموودەی ٢٢٨

**قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): الْصَّوْمُ جُنَّةٌ .**

پێغەمبەری خوا ( ﷺ ) فەرمویەتی: ڕۆژوو قەڵغانە بۆ موسڵمان.

## فەرموودەی ٢٢٩

**قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): عَلَيْكَ بِالْصَّوْمِ فَإِنَّهُ لا مِثْلَ لَهُ .**

پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرموی: بە ڕۆژوو بن چونکە هیچ شتێک هاوتای ڕۆژوو نیە.

## فەرموودەی ٢٣٠

**قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): مَنْ صَامَ يَوْماً فِي سَبِيْلِ اللهِ بَاعَدَ اللهُ مِنْهُ جَهَنَّمَ مَسِيْرَةَ مِائَةِ عَامٍ .**

پێغەمبەری خوا ( ﷺ ) فەرمویەتی کەسێک ڕۆژێ لە پێناوی خودا بە ڕۆژوو بێت خوای گەورە دووری دەخاتەوە لە دۆزەخ دووری سەد ساڵ ڕێگا .

## فەرمووده‌ی ٢٣١

قَالَ رَسولُ اللَّهِ (ﷺ): أَفْضَلُ الْصِيَامِ بَعْدَ رَمَضَانَ الْشَّهْرُ الَّذِي تَدْعُونَهُ الْمُحَرَّمَ .

پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرموێ بە ڕێزترین ڕۆژوو پێش ڕەمەزان ڕۆژووی مانگی موحەڕەمە.

## فەرمووده‌ی ٢٣٢

قال رسول الله (ﷺ): لَئِنْ بَقِيتُ إِلَى قَابِلٍ لأَصُومَنَّ التَّاسِعَ.

پێغەمبەری خوا (ﷺ)دەفەرموێ: ئەگەر بمێنم بۆ ساڵی ئاینده ڕۆژی نۆیەمی موحەڕەمیش بە ڕۆژوو دەبم .

## فەرمووده‌ی ٢٣٣

عَنْ أَبُو هُرَيْرَ (رَضْي اللهُ عَنْه):كَانَ رَسُولُ اللهِ (ﷺ) يَصُومُ الْإِثْنَيْنَ وَ الْخَمِيسَ .

ئەبو هورەیرە (رضـــي الله عنه)دەفەرموێ: پێغەمبەری خوا (ﷺ) ڕۆژانی دوو شەممە و پێنج شەممە بەڕۆژوو دەبوو.

## فەرموودەی ٢٣٤

**قَالَ رَسُولُ اللهِ (ﷺ): لَا تَصُومُوا يَوْمَ الْجُمُعَةِ مُفْرَدَاً .**

پێغەمبەری خوا (ﷺ)دەفەرموێ: ڕۆژی هەینی بە تەنها بەڕۆژوو مەبن (ڕۆژووی سونەت) .

## فەرموودەی ٢٣٥

**قَالَ رَسُولُ اللهَ (ﷺ): لَا يَصْلُحُ الصِّيَامُ فِي يَوْمَيْنِ : يَوْمُ الْأَضْحَى وَ يَوْمُ الْفِطْرِ مِنْ رَمَضَانَ**

پێغەمبەری خوا (ﷺ)دەفەرموێ: درووســـت نیە ڕۆژووی دوو ڕۆژان کە ڕۆژووی جەژنی قوربان و جەژنی ڕەمەزانە.

## فەرموودەی ٢٣٦

**قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): اِلْتَمِسُواْ لَيْلَةَ الْقَدْرِ لَيْلَةَ سَبْعٍ وُعِشْرِيْنَ.**

پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرموێ: بگەڕێن بەدوای شـــەوی قەدر لە شەوی بیست و حەوتی ڕەمەزان .

## فەرموودەی ٢٣٧

**قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): تَحَرُّواْ لَيْلَةَ الْقَدْرِ فِي الْوِتْرِ مِنَ الْعَشْرِ الْأَوَاخِرِ مِنْ رَمَضَانَ .**

پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرموێ: بگەڕێن بەدوای شەوی قەدر لە شەوانی تاکی دەی کۆتایی ڕەمەزان.

## فەرموودەی ٢٣٨

**قَالَ رَسُولُ اللهِ (ﷺ): صَبِيْحَةَ لَيْلَةَ الْقَدْرِ تَطْلُعُ الشَّمْسُ لَا شُعَاعَ لَهَا كَأَنَّهَا طَسْتٌ حَتَّى تَرْتَفِعَ .**

پێغەمبەری خوا (ﷺ)دەفەرموێ: بەیانیەکەی شـــەوی قەدر خۆر هەڵدێت تیشـــکی نیە وەکو تەســـتی ئاو وایە هەتا بەرز دەبێتەوە .

## فەرموودەی ٢٣٩

**قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): الْحُجَاجُ وَ الْعُمَّارُ وَفْدُ اللهِ دَعَاهُمْ فَأَجَابُوهُ وَ سَأَلُوهُ فَأَعْطَاهُمْ .**

پێغەمبەری خوا (ﷺ)دەفەرموێ: ئەوانەی حەج و عەمرە دەکەن وەفدی خوان بانگێشتی کردوون ئەوانیش بەدەم بانگی ئەووەوە چوون وە داوایان لێ کردووە و پێی بەخشیوون.

## فەرموودەی ٢٤٠

**قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): إِذَا كَانَ رَمَضَانُ فَاعْتَمِرِي فِيهِ فَإِنَّ عُمْرَةً فِيهِ تَعْدُلُ حَجَّةً .**

پێغەمبەری خوا (ﷺ)دەفەرموێ: ئەگەر مانگی ڕەمەزان هات عومرەی تێدا بکەن چونکە عومرەیەک لە ڕەمەزان خێری حەجێکی سوننەتی هەیە.

## فەرموودەی ٢٤١

**قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): الحَجُّ جِهَادُ ضَعِيفْ .**

پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرموێ حەج جیهاد و تێکۆشانی هەژاران و بێهێزانە

## فەرموودەی ٢٤٢

**قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): مَن أَرَادَ الحَجَّ فَلْيَتَعَجَّلْ .**

پێغەمبەری خوا (ﷺ)دەفەرموێ کەسێ دەیەوێ حەج بکات با پەلەی لێبکات،

## فەرموودەی ٢٤٣

**قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ وَفْدُ اللهِ ثَلاثَةٌ اَلغَازِي وَالحَاجُّ وَالمُعْتَمِرُ.**

پێغەمبەری خوا (ﷺ)دەفەرموێ نێردراوی خودا سێ کەسن ئەوەی غەزا دەکات وئەوەی حەج دەکات و ئەوەی عومرە دەکات .

## فەرموودەی ٢٤٤

**قَالَ رَسُولُ اللهِ ﷺ اَلطَوُافٌ صَلَاةٌ فَأَقِلُّوا فِيهِ الْكَلامَ.**

پێغەمبەری خودا (ﷺ) دفەرموێ تەواف کردن وەکو نوێژ وایە دەی کەواتە قسەی کەم تێدابکەن .

## فەرموودری ٢٤٥

**قَالَ رَسُولُ اللهِ ﷺ نَبْدَأُ بِمَا بَدَءَ اللّهُ بِهِ .**

پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێ دەســـت پێ دەکەین بەوەی خوای گەورە دەســتی پێ کردوە (ســەفا و مەروە) هەروەکو خوای گەورە یەکەم جار ناوی صـــەفای هێناوە دوای مەڕوە (إِنَّ صَفاوَالمَروَةَ مِنْ شَعائِرِاللّهَ) اَلبَقَره

## فەرموودەی ٢٤٦

**قَالَ رَسُولُ اللّهِ ﷺ َايَحِجُّ بَعْدَالعَامِ مُشْرِكٌ وَلاَيَطُوفُ بَالبَيتِ عُريانٌ.**

پێغەمبەری خواﷺ دەفەرموێ لەم ساڵ بەدواوە ناشێت هاوڵدانەران بێن بۆ حەج و نابێت بەڕووتی تەواف بکرێت.

## فەرموودەی ٢٤٧

**قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ مَن طَافَ بِالبَيْتِ سَبعاً وَصَلَّى رَكْعَتَينِ كَانَ كَعِتْقِ رَقَبَةٍ.**

پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێ کەســێ حەوت جار بەدەوری بەیتی مـاڵی خودا تەوافی کرد و دوورکعەت نوێژی تەوافی کرد وەکو بەندەیەکی ئازادکردبێ وایە ،

## فەرموودەی ٢٤٨

**قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ لِتَأْخُذُواْ عَنِّى مَنَاسِكَكُمْ فَإِنِّى لَا أَدْرِي لَعَلِّي لَا أَحُجُّ بَعدَ حُجَّتِي هٰذِهِ.**

پێغەمبەری خوا ﷺدەفەرموێ بۆئەوەی کارەکانی بەجێهێنانی حەجەکەتــان لەمنەوە فێرببن چونکە من نــازانم دوای ئەم حەجە حەجێکی تر دەگەمەوە ئێرەیان نا.

## فەرموودەی٢٤٩

**قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ لَيِسَ عَلَى النِّسَآءِ حَلْقٌ،إِنَّمَا عَلَى النِّسَآءِ التَّقْصِيرُ.**

پێغەمبەری خودا ﷺ دەفەرموێ لەسەرئافرەتان سەرتاشین نییە لەکاتی شکاندنی ئیحرام دا بەڵکو کورت کردنەوەیان لەسەرە.

## فەرموودەی٢٥٠

